ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ۷۸۴ چوارشەممە ۳۰ی ڕەزبەری ۱۳۹۹ _ ۲۱ی ئۆکتۆبری ۲۰۲۰

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## خالید عەزیزی لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کورد کاناڵ:



– لە کۆماری ئیسلامیدا بەرژەوەندیی وڵات پێناسەی نییە، گرینگ بەرژەوەندی نیزامە و هەموو شتێک تابیعی ئەوەیە.

– ئێران نایەوێ تا هەڵبژاردنی ئەمریکا کێشەیەکی زۆر جیدی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دروست بکا، بۆ ئەوەی نەبێتە بەهانەیێک کە ترامپ کەڵکی لێ وەرەگرێ.

– لە پرسی کورد و هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا، نابێ بەدوای عاتفە و بەدوای ئارەزووەکان و خەیاڵەکاندا بڕۆین، هەموو شتێک بەرژەوەندییە، زۆر دەگوترێ کە ئەگەر سایکیس- پیکۆ نەبوایە کورد دەبوو بە دەوڵەت، ئەوە خوێندنەوەیەکی هەڵەیە.

– سیاست و خەباتی ئێمە لەپێناو مافەکانمان لە دژی کۆماری ئیسلامی تابیعێک نییە لە ڕەفتار و سیاسەتی کۆماریخوازەکان یان دێموکراتەکان لەگەڵ تاران.

– ئێمە خەبات و تێکۆشانی خۆمان جۆرێک دەبەینە پێشێ کە دۆست بۆ خۆمان پەیدا بکەین، بەڵام خەڵکیش فێر ناکەین کە پێیان وابێ بە هەڕەشەیەکی ئەمریکا ئێران دەرووخێ.

(ئەم دیمانەیە لە لاپەڕەکانی ۲ و ۳دا بخوێنەوە.)

# دڵخۆشیی حکوومەتی مایەپووچ بە سەودای چەکوچۆڵ




لە کاتێکدا ڕۆژانە لانیکەم ۸۰۰ کەس لە ئێران بەهۆی کۆرۆنا دەمرن و حکوومەت دەستەوەستان و کەمتەرخەم پاڵی داوەتەوە و، لە کاتێکدا دەیان هەزار قوتابی لە بنەماڵە هەژارەکان لەسۆنگەی کۆرۆنا و خوێندنی ئانلاینەوە لەبەر بێتوانایی کڕینی تابلێت لە خوێندن دابڕاون؛ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی کارناڤاڵی شادی و خۆشییان وەڕێ خستوە، چییە، چ باسە؟ شایيان لە دڵدا دەگەڕێ کە لەمەودوا دەتوانن سەودای چەکوچۆڵ بکەن!

لە کاتێکدا ۸ میلیۆن کەس لە ئێران ژیانیان بە ئەنسولین بەستراوەتەوە و ئەنسولین لە بازاڕی ڕەشیش‌دا دەست ناکەوێ، کەچی نیزیک دوو هەزار تۆن دەوادەرمان بە قاچاغ بەڕێی عێراق دەکرێ.

لە کاتێکدا سندووقی نێونەتەوەیی دراو دەڵێ قەرزی پاککردەی ئێران لە ساڵی ۲۰۲۰دا دەگاتە ۲٦۰ میلیارد دۆلار کە ۱۲ میلیارد دۆلاری قەرزی بیانییە، هەروەها دەوڵەت لەمساڵدا لانیکەم ۵۸ میلیارد دۆلار کورتیی بودجەی دەبێ؛ کەچی ۸ مانگە ڕێبەر و سەرۆککۆمار خۆیان قەرەنتینە کردوە و کەس لە نیزیکەوە نەیدیون! بەڵام بڕیارەکانیان بۆ یارمەتیدانی میلیشیا تێرۆریستییەکانی ناوچە و ئاوەدانکردنەوەی سووریە هەروا لەجێی خۆیەتی!

لە کاتێکدا قووڵایی کارەساتی گەندەڵی گەیوەتە ئەو ڕادەیە کە لە ڕۆژنامەی "کەیهان"دا و "حوسێن شەریعەتمەداری" دان بەوە دابنێ کە ۷ میلیارد دۆلار بە نرخی دەوڵەتیی ٤٢۰۰ تمەن بۆ هاوردەی کاڵا و خۆراکی بنەڕەتی دراوەتە ۲۵۰ کەس، بەڵام تاق کیلۆیەک کاڵای بنەڕەتیی ژیانی پێ نەکڕدراوە و یان لە بازاڕ و بە نرخی ئازاد (لە ئێستادا سەرووو ۳۰ هەزار تمەن) فرۆشراوەتەوە، یان ئۆتومبیلی پۆڕشەی پێ هاوردە کراوە. خۆش ئەوەیە لە لێکۆڵینەوەکەی بانکی ناوەندیدا هاتوە کە ۷۰ کەس لەو ۲۵۰ کەسە موعتادی کارتۆن‌خەون و کارتی میللی و ناوی ئەوان ئەو پوولە وەرگیراوە؛ لەو لاش ئاغای ڕەییسی، سەرۆکی دەزگای دادی وڵات بەڵگەنامەی حقووقیی چاکسازی لە دەزگای قەزایی دەداتە دەرێ!

لە کاتێکدا دارمانی ئابووری و دراوی نیشتمانیی وڵات لە سۆنگەی سزاکانی ئەمریکاوە بەردەوامە و، لە بارودۆخێکدا کە زیاتر لە نیوەی خەڵکی ئێران لە ژێر هێڵی ڕەهای هەژاریدا دەژین، بەڵام حکوومەت وەک چارەسەر چالاکانی کرێکاری و هەڵسووڕاوانی مەدەنی و مافی مرۆڤ دەگرێ و دەیان‌خاتە زیندانەوە!

ڕاستییە هەرە دیارەکەی کۆمەلگەی ئێران ئەوەیە کە خەڵک بە تەواوی لە کۆماری ئیسلامی ناهۆمێد و تەمابڕوا بوون.

## ئەمنیەت و داد
## لە نیزامی دادی ڕێژیمدا

**عەلی بداغی**


لە ڕەشەممەی دوو ساڵ لەوە پێشەوە کە برایم ڕەئیسی بە بڕیاری خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی سەرۆکایەتیی دەزگای دادی ئێرانی پێ سپێردرا، بابەتێک کە زۆری قسە لێ دەکرا، چاکسازی لە دەزگای قەزایی و "گۆڕانی بنەڕەتی لە نیزامی داد"ی وڵاتدا بوو. ئەم گۆڕانەش حەوتووی ڕابردوو لە بەڵگەنامەیەکدا کە ناوی "دێکیۆمێنتی ئەمنیەتی داد"ی لەسەرە و لە ۳۷ خاڵدا گەڵاڵە کراوە و ئیمزای برایم ڕەئیسیی لەبن دراوە، ڕاگەیەندرا.

لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بەڵگەنامەیەدا ئاماژە بە چەند خاڵ گرینگە:


**یەکەم/** ئەمە یەکەمجار نییە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ گارد گرتن لە هەمبەر هەڵکشانی ڕەوتی مافخوازیی خەڵک و خواستی گشتیی کۆمەڵگە لە هەمبەر پێشێلکرانی مافەکانیان و بۆ بەرگرتن لە ناڕەزایەتیی گشتی و کەمکردنەوە لە گوشارەکانی سەر حاکمییەت پڕۆژە یاسای لەو شێوەیە دەداتە دەرێ. پێشتریش حەسەن ڕووحانی لە سەرماوەزی ساڵی ۱۳۹۵دا بەڵگەنامەیەکی لەژێر ناوی "مەنشووری مافەکانی هاووڵاتی"دا بڵاو کردەوە کە هەتا ئێستا نەک لەلایەن داموو دەزگا ئیداری و بەڕێوەبەرییەکانی دی، هەر لە کابینەکەی خۆیشیدا کەس بە لایدا نەچوو.

کاتی خۆیشی مەحموود شاهروودی، سەرۆکی پێشووتری دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی لە ساڵی ۱۳۸۳ی هەتاویدا ...

درێژە لە لاپەڕەی ۲


۴ خەمی خەڵک و دڵخۆشییەکانی دەسەڵات



۶ پۆلیسی ئێران تاوانباری ژمارە ۱


۷ زمانی زگماک هێڵی سوورە و بۆ گاڵتەپێکردن نابێ!


۱۰ پێویستیی پلاندانانی ستراتێژیک


۱۱ مافی مرۆڤ لە ڕێنێسانس هەتا سەرەتای سەدەی ۲۰

# خەمی خەڵک و دڵخۆشییەکانی دەسەڵات


کەماڵ کەریمی




**خەڵکی ئێران بە پێچەوانەی ڕێبەرانی ڕێژیم کە ڕۆژژمێری دەکەن بزانن لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا کێ سەر دەکەوێ و چ گۆڕانێک بەرامبەر بەوان دروست دەبێ و تەنیا چاویان لەوەیە کە کەی سزا ئابوورییەکانیان لەسەر لا دەبرێ هەتا لە بەرهەمەکەی خەزێنە و گیرفانی خۆیانی پێ پڕبکەن، نە تەنیا ئەم جۆرە هەواڵانە هیچ دڵخۆشیان ناکا و چاوەڕوانیی سەیر و سەمەرەیان لە گۆڕانی ڕوانینی دنیای دەرەوە بەرامبەر بەو ڕێژیمە نییە، بەڵکوو ڕوحانی و ڕێبەر و نیزامەکەیان بە تەنیا هۆکاری سەرەکی دروست بوونی ئەو وەزعە نالەبارە دەناسن کە بە سەر خەڵکی ئێراندا هاتوە**

ڕۆژی یەکشەممەی ڕابردوو و دوای کۆتایی مشتومڕی زلهێزەکان لە شورای ئەمنیەت، لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە سزاکانی مامەڵەی چەک لەسەر کۆماری ئیسلامی کە بە هۆیەوە چەند ساڵ بوو ئەو ڕێژیمەی لە کڕینی کەرەسەی نیزامی بێبەش کردبوو، کۆتاییان پێ هات.

ئەم هەواڵە بوو بە دەرفەتێک کە ڕوحانیی سەرۆککۆمار لە کۆبوونەوەی وەزیرانی دەوڵەتەکەی‌دا بە خۆشحاڵییەوە بپرژێتە سەری و باس لەوە بکا کە چ سەرکەوتنێکی مەزنیان بە دەست هێناوە کە لەمەولا دەتوانن بە هەر کەس بیانەوێ چەک بفرۆشن یا لە هەر کوێ ویستیان چەک بکڕن. با لەوەش گەڕێین کە مشتەرییەکانی کڕینی چەکی ئێران ئەویش بە خۆڕایی، جگە لە حیزبوڵڵای لوبنان و حووسییەکانی یەمەن و میلیشیا جۆراوجۆرەکانی عێراق و گرووپە ئیسلامییە توندئاژووەکانی ئەفریقا، کەسی دیکە نین و بەو جۆرە نە تەنیا هیچ پوولێک دەست ئێران ناکەوێ بگرە بۆ بەخێوکردنی بەکارهێنەرانی ئەو چەکانەش لە شەڕی بە وەکالەتیی کۆماری ئیسلامیدا دەبێ لە گیرفانی خەڵک پوولێکیشیان لەگەڵ بداتێ. لایەنی گرینگی بابەتەکە لەوەدایە کە ئاغای ڕوحانی لە هەلومەرجێکدا بەم هەواڵە شاگەشکە بووە یا بە درۆ دەیەوێ وەک دەسکەوتێک بۆ ڕێژیمەکەی لە قەڵەمی بدا کە، لەبەر نەمانی سەرچاوەکانی داهاتیان بۆ کڕینی چەکیش کە مەعلووم نییە بۆ چییانە، دەبێ وڵات هەڕاج بکەن و ئەوەندی دیکەش خەڵک تووشیماڵوێرانی بکەن. داخۆ ئەو نازانێ کە بە هۆی تێچووی سەدان میلیارد دۆلاری بۆ دروستکردنی چەکی ناوکی و مووشەکەکانیان و خەرجکردنی دەیان میلیارد دۆلار بۆ پشتیوانی میلیشیاکان و گرووپە تێرۆریستییەکان لە وڵاتانی دەوروبەر چ بەڵایەکیان بەسەر خەڵکی ئێراندا هێناوە کە ئێستا دەیەوێ ئەم مژدە بەو خەڵکە لێقەوماوە ڕابگەیەنێ.

گومان لەوەدا نییە کە خەڵکی ئێران دوای چوار دەیە ژیانی کارەساتبار، بەگشتی لەوە تێگەیشتوون کە بناخەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەسەر درۆ و فریودان داندراوە و هیچ متمانەیەکیان بە قسەی کاربەدەستانی ئێران نەماوە. بەڵام سەیر ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی وڵات لە ڕێبەرەوە هەتا خواری ئێستاش پێیان وایە کە دەتوانن بە درو و دەلەسە خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە چنگیان، فریو بدەن و بە ئومێدی نادیار بە داهاتوو هەروا بێدەنگ ڕایانبگرن. کارێک کە ئەگەر لە سەرەتای دەسەڵاتدارییان و بۆ ساڵانێکی زۆر بە هەڵخڕاندنی هەستی ئایینی و پێبەندبوونی خەڵکی ئەو سەردەم بە وتار و قسەکانی ئیمام و ڕێبەر بۆیان چووەسەر، ئێستا ئیتر بووەتە کارێکی مەحاڵ. هەر بۆیە ئێستا درۆکانیان تەنیا بە کەڵکی خۆفریودان و چاوبەستنیان لە ئاست ڕاستییەکان بەکار دێ و نەک خەڵک بەڵکوو تەنانەت بەشێک لە کاربەدەستانی خۆیشیان دەزانن کە ئەم دڵخۆشییە بنەمایەکی ڕاستەقینەی نییە و تەنیا بۆ بەلاڕێدابردنی بیری خەڵک و سەرقاڵ کردنیانە بە شتی لاوەکییەوە. ئەوان بە گوێنەدان و لەبیرخۆبردنەوەی کێشەکانی خەڵک و لەبەر بێدەسەڵاتی لە وڵامدانەوە بە داواکارییەکانیان، بەردەوام لە هەوڵی ئەوە دان کە کێشە دەرەکییەکان زەق بکەنەوە و وا نیشان بدەن کە ڕێگەی چارەسەری هەموو ئەو کێشانەی بەرۆکی خەڵکیان گرتوە گەیشتن بە ئامانجەکانیانە لە سیاسەتی دەرەوە و لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدایە.

دیارە بە دوور لە ڕوانگە ڕواڵەتییەکانی ڕوحانی و هاوبیرەکانی و بە پێچەوانەی هەوڵەکانی ڕێبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ فریودان و ئارام ڕاگرتنیان، خەڵکی ئێران کە ساڵانێکە بە چنگ زۆرداری ئەم ڕێژیمەوە دەناڵێنن سەرەڕای بێکاری و گرانی لە ڕادەبەدەر و باری گرانی سەرشانیان بۆ بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەیان، بە پێچەوانەی ڕێبەرانی ڕێژیم کە ڕۆژژمێری دەکەن کە بزانن لە هەڵبژاردنەکانی ئەمریکادا کێ سەر دەکەوێ و چ گۆڕانێک بەرامبەر بەوان دروست دەبێ و تەنیا چاویان لەوەیە کە کەی سزا ئابوورییەکانیان لەسەر لا دەبرێ هەتا لە بەرهەمەکەی خەزێنە و گیرفانی خۆیانی پێ پڕبکەن، نە تەنیا ئەم جۆرە هەواڵانە هیچ دڵخۆشیان ناکا و چاوەڕوانیی سەیر و سەمەرەیان لە گۆڕانی ڕوانینی دنیای دەرەوە بەرامبەر بەو ڕێژیمە نییە، بەڵکوو ڕوحانی و ڕێبەر و نیزامەکەیان بە تەنیا هۆکاری سەرەکی دروست بوونی ئەو وەزعە نالەبارە دەناسن کە بە سەر خەڵکی ئێراندا هاتوە.

خەڵک کە ساڵانی پێشووتر باوەڕێکیان مابوو و چاوەڕوانی جێبەجێبوونی ئەو بەڵێنانەیان دەکرد کە ڕوحانی و کاربەدەستانی دیکەی ڕێژیم بۆ چارەسەری گرفتەکانیان پێیان دەدان و بە تایبەت لە سەروبەندی هەر هەڵبژاردنێکدا بەم وادە و بەڵێنانە بازاڕگەرمییان بۆ ڕاکێشانیان بۆ دەنگدان دەکرد، ئێستا ئیتر لە درۆ و بێ بەڵێنی و ناکارامەیی ئەوان گەیشتوون و چیدیکە بەو جۆرە قسە و فرتوفێڵانەی کەسانی وەک ڕوحانی فریو نادرێن. ڕێبەرانی ڕێژیم بە ڕوونی ئەوە دەبینن کە ئەگەر ساڵانێک توانیيان خەڵک بۆ گوتنی مردن بۆ ئەمریکا بکێشنە سەر شەقام ئێستا هەر ئەو خەڵکەن کە لە هەر فرسەتێک بۆیان هەڵدەکەوێ و بەهانەیەکیان بۆ هاتنە مەیدان دەست کەوێ دەڕژێنەوە سەر شەقام، بەڵام نە لە دژی ئەمریکا بەڵکوو بۆ گوتنەوەی دروشمی مردن بۆ خامنەیی و کۆماری ئیسلامی.

هەر بۆیە لە هەلومەرجێکدا کە قەیرانی بێبڕانەوەی ئابووری، گرانی و بێکاری، هەڵاوسانی پووڵی و دزی و گەندەڵی بووەتە بەڵای سەر ژیانی خەڵک، پەتای کۆرونا و گرینگی‌نەدان و بێ‌مودیرییەتی حکوومەت لە پێشگرتن لە پەرەسەندنی بەربڵاوی و چوونەسەر ڕۆژانەی ڕێژەی تووشبوان و ئەوانەی گیانیان لە دەست دەدەن بووەتە مەترسییەکی جیدی، نەبوونی دەرمان و بە قاچاخ بردنی بۆ دەرەوە لە جیاتی پێڕاگەیشتن بە نەخۆشخانەکان هاواری نەخۆشەکانی بەرز کردووەتەوە، زیادبوونی ڕێژەی گرتن و کوشتن و لەداردانی ڕۆڵەکانی ئەو گەلە وەک ئەرکی ڕۆژانەی دەزگا ئەمنییەتییەکانی دەبیندرێ و لە جیاتی بیرکردنەوە لە دیتنەوەی ڕێگە چارەسەرێک، بەرپرسانی حکوومەت درۆ و دەلەسەیان کردووەتە زمانی فەرمی ڕاگەیاندنەکانیان، خەڵک هیچ ڕێگەیەکی دیکە شک نابەن جگە لە هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی دەربڕینی نارەزایەتییەکانیان و هەستانەوە و ڕێکخستنی ڕاپەڕینێکی بەهێز لە دژی ئەو هەموو زوڵم و زۆرداریە. خەڵک تێگەیشتوون لەوەی کە کێشەی ئەوان نە بەرجامە نە ئەمریکایە و نە سزا ئابوورییەکان، بەڵکوو کێشەکانیان لەگەڵ نیزامێکە کە کەمترین بایەخ بە ژیان و کەرامەتی ئینسانی ئەوان نادا و بوون و نەبوونیان بە لایانەوە وەک یەکە.

لێرەدایە کە ئەو خەڵکە بە مافی خۆیانی دەزانن چاوەڕوانی ئەوە بن کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بە تایبەت وڵاتانی زلهێز لە جیاتی بیرکردنەوە لە مامەڵە لەگەڵ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی، بیر لە پشتگیری و یارمەتیدانی ئەوان بکەنەوە. بێگومان ئەمەش ئەرکێک دەخاتە بەردەم حیزب و کەسایەتییە سیاسی و خەباتگێڕەکان کە بۆ بەدەستهێنانی ئەم پشتگیرییە هەوڵ بدەن ونەهێڵن ئەو خەڵکە ڕاپەڕیوە لەوە زیاتر لە بەرامبەر دەزگای سەرکوتی کۆماری ئیسلامیدا بە دەستی خاڵی و بە تەنیا بمێنێتەوە.

# خۆکوژی، مەترسییەک بۆ سەر ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی


جەمیل سەرمەستی

کاتێ کەسایەتی و شوناسی مرۆڤ دەشکێ، یان باشترە بڵێین دەپرتووکێ و ئەو کەسە بەهەر هۆکارێک توانایی و هێزی ئەوەی نابێ کە ئەو شکان و پەرتووکانە ڕێک بخاتەوە و بێ‌هیوایی و بێ‌هێزی بەسەریدا زاڵ دەبێ، لە ڕووی ناچارییەوە جەستە و فیزیکی خۆی وەکوو تەنیا شتێک دەبینێ کە دەتوانێ بەسەریدا زاڵ بێ و ڕق و بێزاریی خۆی بەسەردا بەتاڵ بکاتەوە. لەو بارودۆخەدا دەروونێکی پەڕتووکاو هانی دەدا هێرش بکاتە سەر جەستەی خۆی و نەی‌هێڵێ و بیهاڕێ، هۆکارەکانیش دەکرێ زۆر شت بێت، لەوانە بواری کەسیەتی، ئابووری، سیاسی، خۆبەکەمزانین، نەبوونی داهاتوویەکی ڕوون، هەڵاواردنی سیستماتیک و بەرنامە بۆ دارێژراو، جیاوازیی چینایەتیی کۆمەڵگە، ژیانێکی پڕ لە بەربەست، سەخت و تاقەت پڕووکێن و زۆری تر.

دۆرکیم، کۆمەڵناسی بەناوبانگ دەڵێ خۆکوشتن تەنگەژەیەکی کۆمەڵایەتییە و دەکرێ بڵێین کۆمەڵگە لێی بەرپرسیارە، سروشتی مرۆڤ دوو بەشە: جەستە و دەروون یان ڕەوان کە هەردوو لایەن پێڕاگەیشتنی خۆی دەوێ کە دەکرێ بڵێین پێکەوە گرێدراون و جیا نابنەوە؛ ئەگەریش لێک جیا ببنەوە دەبێتە هۆی نەخۆشیی لایەکیان و بەشەکەی تریش بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکا.

خۆکوژیی مرۆڤێک لەگەڵ ئەوەدا خەسارێکە لە خۆی و بنەماڵەی دەکەوێ هاوکات زیانێکی هەرە گەورەتر و بەرچاوترە بۆ کۆمەڵگە و دەبێ وەکوو بابەتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی چاوی لێ بکرێ و دەتوانێ زیانی گەورەتری بۆ کۆمەڵگە بەدواوە بێت.

بەداخەوە لەم دواییانەدا ئاماری خۆکوژی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان لە هەڵکشان‌دایە و بەردەوام کارەساتە ڕوو دەدا، بۆیە خوێندنەوەی ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییە زیانبارە ڕوانینێکی کۆمەڵناسانە و دەروون‌شیکارانەی دەوێ. بەسەرنجدان بە سیستمی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیی زاڵ بەسەر وڵاتی ئێراندا کە بەداخەوە بە شێوەیەکی سیستماتیک و پلان بۆ دارێژراو هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تا ڕاددەیەکی زۆر خۆی دەرخست و هەوڵی پەراوێز خستنی بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگەی ئێران وکوردستانی بە گشتی خستە نێو بەرنامە و پلانەکانی خۆیەوە. ئەم نیزامە سیاسییە بە هەموو شێوەیەک هەوڵی لاوازکردنی کەسایەتی و مرۆڤایەتیی مرۆڤەکانی خستە ڕۆژەڤەوە و هەر لە سیستمی پەروەردەوە بگرە تا کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی خەریکی سازکردنی جەستەیەکی بێ‌ڕۆح و کۆمەڵگەیەکی پەڕتووکاوە بۆ ئەوەی بە باشی بتوانێ دەستەمۆی بکات؛ لەخۆڕا نییە ڕۆژ بە ڕۆژ کێشە و تەنگەژەکانی کۆمەڵگە هەرکامە و لایەکی جەستە و ڕۆحی مرۆڤی ئێرانی و کوردستانی تەنیوە و خەریکە دەبێتە شێرپەنجەیەک کە ڕۆژ بە ڕۆژ چارەسەر کردنەکەی دژوارتر دەبێتەوە.

ڕوانینێکی سەرەتایی لە ئامار و داتاکانی ئەم دواییانە پێمان دەڵێن کە پارێزگاکانی کوردستان هەر لە ئیلامەوە تا ورمێ زۆرترین ئاماری خۆکوشتن و هەوڵدان بۆ خۆکوشتنیان لەسەر خۆیان تاپۆ کردوە و ئەوەی جێگای مەترسی و هاوکات تراژیدی و دڵتەزێنە، خۆکوشتنی منداڵان و مێر منداڵان و شۆڕبوونەوەی ئەم دیاردە مەترسیدارە کۆمەڵایەتی- دەروونییە بۆ خوار تەمەنی ١٠ ساڵ و ١٢ ساڵە. بەپێی ئامارەکان لە ساڵی ڕابردوودا تەنیا لە کوردستان زیاتر لە ٢٦٠ کەس بە هۆکارگەلی جیاواز خۆیان کوشتوە کە ئەمەش بێجگە لە خەسارە مرۆیی و دەروونییەکانی کۆمەڵگای کوردی بۆ دوژمنیش دڵخۆشکەرە کە توانیویەتی کۆمەڵگەیەکی بێ‌هیوا و نەخۆش بەسەرماندا بسەپێنێ، کە بێگومان بەرنامەی بۆ داڕشتوە و کاری لەسەر کردوە.

ئەم دیاردەیە ئەوەندە زەق بۆتەوە کە ”محەممەد مەهدی توندگوویان“، جێگری وەزیری وەرزش و لاوانی ڕێژیم ناچار بە دەنگ بەرزکردنەوە بووە و دابەزینی تەمەنی خۆکوشتنی بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ئەمنیەتی کۆمەڵایەتی داناوە. ناوبراو هۆکاری ئەم دۆخەشی بۆ دزی و گەندەڵی بەرپرسانی ڕێژیم و بارودۆخی خراپی ئابووریی وڵات و دۆخی بژێوی ڕۆژانەی خەڵک گەڕاندۆتەوە کە بێگومان ئەمە بەشێکی بچووکی هۆکارەکەیە کە خۆشیان حاشای لێ ناکەن.

کارناسان هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەن کە ڕێگەدان بە چالاکیی چاودێری نەکراوی مێرمنداڵان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریی ئەو چاولێکەرییە لەنێو چینی هەژاردا دەبێتە هۆی هیوابڕاویی مێرمنداڵ و پەنا بردنیان بۆ خۆکوشتن؛ کە دیارە بەرپرسایەتیی ئەم دۆخەش هەر لە ئەستۆی دەسەڵاتی بەڕێوەبەریی وڵاتە کە نەک ئەمنیەتی ئابووری و کۆمەڵایەتیی خێزانەکانی بەلاوە گرینگ نییە؛ بەڵکوو ئەمە بە مەترسییەکیش بۆ سەر مانەوەی خۆی دەزانێ.

لێرەدایە کە پێویستە هەموو لایەک (کۆمەڵگەی مەدەنی و تاکەکان) جیا لەو هۆکارگەلەی باسمان کرد، لە بەرامبەر ئەم دۆخەدا خۆ بە بەرپرسیار بزانن و بواری مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە بەهێزتر بکەن و پێکەوە هەوڵ بۆ دەربازبوون لەو واقعە تاڵە بدەن. لەبیرمان بێ کە پریشکەکانی کۆمەڵگەیەکی نەخۆش بەر هەموو توێژەکانی ئەم کۆمەڵە دەکەوێ و کۆمەڵگەی زیندووی کوردستان نابێ ئیزن بدا کۆماری ئیسلامی بیەوێ و بتوانێ پلانەکانی خۆی لەسەر جێبەجێ بکات.

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## (بەسیج: ڕێکخراوێکی ئایدۆلۆژیک بۆ تەیار کردنی جەماوەر)



دیلان هەردی



**ڕێکخراوی بەسیج بە کۆکردنەوەی تاکەکان لە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بۆ مەبەستێکی تایبەت و بە کەڵکوەرگرتن لە مێکانیزمی پاداشتکردن و مووچە پێدان، ڕێکخراوی بەسیج هەوڵ دەدا چەشنێک هاوکاری لە نێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا دروست بکا. دەیهەوێ بەشێوەی ئەستوونی (تەمەنە جیاوازەکان و پلە جیاوازەکانی کۆمەڵگە) و ئاسۆیی (توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە) تاکەکان لێک گرێ بدا و لە ئەنجامدا هەموویان بخاتە خزمەت ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی**

"[لە ڕێژیمە تۆتالیتەرەکاندا] خەڵک لە لایەن دەسەڵات و ڕێکخراوەکانیەوە بە شێوەی چالاکانە تەیار دەکرێن، ئەوەش لە ڕێگەی هاندان بۆ بەشداری لە کارە هەرەوەزییەکان و پاداشت کردنیان و ئاراستە کردنیان."
ژوان لەنز

ژوان لەنز، دروست کردنی میلیشیای حیزبی بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان دادەنێ، بەو پێیە کە تاکەکان لە ڕێگەی لایەنی دەسەڵاتدار و گرووپەکانی سەر بەو لایەنە دادەمەزرێن، بۆ ئەوەی دزە بکەنە نێو کۆمەڵگەو لە نێوخۆی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە کاریگەری دروست بکەن و بە پێوەری گەورە خەڵک تەیار بکەن. تەیار کردنی خەڵک، یان خۆبەخشانەیە، یان لە بەرامبەر پاداشتە. تەیارکردنی خەڵکی خۆبەخش، وێنەیەکی دێمۆکراتیک دەبەخشێتە ڕێژیمی تۆتالیتەر، "بەو پێیە کە دیمەنێکی بەشداریی چالاکانە و پەیوەست بوونی هەموو ئەوانەی کە دەیانهەوێ بەشداری بکەن، پێشکەش دەکا، ئەوش لە جیاتی ئەوەی بەدوای ئامانجی دیکەوە بن، پەیوەست دەبن بە ئامانجی ڕێبەرانی دەوڵەتەوە". بە گوتەی میشێل فوکۆ، لە تایبەتمەندیی دەسەڵاتی سەردەمیانە لە نێو کۆمەڵگەدا ئەوەیە کە دەسەڵات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ڕێک دەخا. دەسەڵات هەوڵ دەدا هێزی زیاتر لە کۆمەڵگەدا دروست بکا، بۆ ئەوەی سەرچاوە مرۆییەکانی بگەیەنێتە ئاستترین بەرز و دەسەڵاتی خۆی بەهێزتر بکا. دەسەڵات بۆ ئەوەیە هێز بەرهەم بێنێ.

ڕێکخراوی بەسیج، ڕێکخراوێکی شێوە نیزامیی سەر بە سوپای پاسدارانە کە ئەرکی تەیار کردنی کەسانی خۆبەخشی لە نێو تەواوی چین و توێژەکانی کۆمەڵگەدا لە ئەستۆیە. بەسیج بە واتای تەیار کردن یان تەیار بوون بۆ بەرگری لە شتێک، مەبەستێک یان ئامانجێک دێ. ڕێکخراوی بەسیج دوای شۆڕشی ١٣٥٧، بە مەبەستی ڕاکێشانی خەڵک بۆ خزمەت کردن بە شۆڕش دامەزرا، بەڵام دوای دەست پێکردنی شەڕی ئێران-عێراق و چوونە نێو سوپای پاسداران، زیاتر بەرجەستە بوویەوە. چەند ساڵ دواتر ئەو ڕێکخراوەیە بە ڕەسمی بوو بە هێزی بەرگریی بەسیج. لە ماوەی شەڕی ئێران-عێراقدا، بەسیج ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرژەوەندیی کۆماری ئیسلامی لە شەڕدا گێڕا، چونکە لە ژێر ڕێبەرایەتیی سوپای پاسداران، خەڵکانێکی خۆبەخشی زۆری هێنایە بەرەکانی شەڕەوە. پڕۆژەی تەیار کردنی جەماوەر بووە هۆی بەهێز بوونی سوپای پاسداران بەو چەشنەی ئەمڕۆ دەبیندرێ، بە جۆرێک کە تەواوی ئەندامانی سوپای پاسداران بە ڕێبەری کۆماری ئیسلامیشەوە ئەندامی بەسیجن. لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی ئێران-عێراق، بەسیج هەروا لە تەیار کردنی جەماوەر لە دەوری ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهدا بەردەوامە.

### ئـ.. ڕێکخراوێکی تەیارکەر

"بەسیج لە ڕاستیدا، بە واتای تەواوی گەلە"
(عەلی خامنەیی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێران)

بەسیج لە یەک کاتدا، ڕێکخراوێکی شێوە نیزامی، ڕێکخستنێکی سیاسی و شوێنێکی چالاکییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانە، کە بۆ کۆماری ئیسلامی وەکوو کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی پشتیوانیی جەماوری دادەنرێ، لەبەر ئەوەی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە، ژیانی خۆیان فیدای پاراستنی کۆماری ئیسلامی دەکەن. بەسیجییەکان (ئەندامانی بەسیج) لەنێو زۆربەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەدا هەن، لە دامەزراوەیەکی دەوڵەتی گەورەوە هەتا بنەماڵەیەک. هانا ئارێنت چەمکی "دێزۆلاسیۆن" یان "وێرانی" وەکوو لێکگرێدانی سێ فاکتەر بە کار دەهێنێ : تۆقاندن، ئایدۆلۆژیا و تەیارکردنی جەماوەر. تۆقاندن بە مەبەستی لەنێو بردنی ئازادیی دەرەکـی، ئایدۆلۆژیا بە مەبەستی لەنێو بردنی ئازادیی دەروونی و، لە کۆتاییدا، لە نێوچوونی ئەو دوو ئازادییە دەبێتە هۆی تەیار کردنی جەماوەر بە شێوەیەکی زۆر ئاسان. بە بێ هەبوونی ئایدۆلۆژی، تەیار کردنی تاکەکان بۆ چالاکییە خۆبەخشییەکانی وەکوو بەشداری لە کۆڕ و کۆبوونەوەکان و بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندا لە نزیکەوە، کارێکی دژوارە.

بەسیج ڕێکخراوێکی بە تەواوی ئایدۆلۆژیکە. ئەندامانی بەسیج، لە هەمان کات کە هێزێکی شێوە نیزامی وەکوو پۆلیسی مەدەنی پێک دێنن، ئەندامی دەزگا زانیارییەکانی کۆماری ئیسلامیشن، بە تایبەت لە شوێنی ژیان و کاری خۆیان وەکوو، گەڕەک، گوند، زانکۆ، خوێندنگە، مزگەوت و هتد. گرووپە بەسیجییەکان بە پێی شوێن، بەرنامە و پڕۆژەیان بۆ چاودێری و کۆنترۆڵی تاکەکان هەیە. هەروەها بەسیجییەکان بەرگری لە کۆمەڵگەیەکی نەریتی دەکەن و بە مەبەستی خۆ نزیک کردنەوە لە خەڵک، لە کاتی ڕوودانی کارەساتی سروشتی، هەوڵ دەدەن بەشێوەی خۆبەخشانە یارمەتیی خەڵک بدەن، هەر نەبێ بۆ خۆنیشاندان ئەو کارە دەکەن. هەروەها بە توندی بەرگری لە بەها ئایینیەکان دەکەن و وەکوو پۆلیسی ئەخلاق لە کۆمەڵگەدا کار دەکەن. لە ڕوانگەی دەسەڵات و لایەنگرانی کۆماری ئیسلامییەوە، بەسیجی بوون وەکوو خاڵێکی ئەرێنی سەیر دەکرێ. بەسیجییەکان بۆ چوونە زانکۆ و دامەزرانیان لە ئۆرگانە دەوڵەتییەکاندا، شانسێکی زۆرتر لە خەڵکی تریان هەیە و زۆربەی پۆستە ئیدارییەکان هەر پێشتر بۆ ئەندامانی بەسیج داندراون. هەر بۆیە، جگە لە ئایدۆلۆژیا و بەها ئایینییەکان، بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانیش لە پەیوەست بوون بەو ڕێکخراوەیە ڕۆڵیان هەیە. ڕێکخراوی بەسیج خاوەن سیستەمێکی پلەبەندییە کە تاکە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە پێی شێوە و ئاستی چالاکییەکانیان دەتوانن جێگە و پێگەی خۆیان لە نێو دامەزراوە دەوڵەتییەکان قایم بکەن. لێرەدا هەوڵ دەدرێ بۆ وردتر ناسینی ئەو ڕێکخراوە، شیکردنەوە بۆ فۆرمێکی ئەندامەتیی بەسیج بکرێ.

### بـ. تەیار کردنی خەڵک بۆ مەبەستێکی دیاریکراو

لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکاندا، ئەندام گرتن سنووردار و لەسەر بنەمای کۆئۆپتاسیۆن نییە. سنووردار نەبوونی ئەندام بوون، وا دەکا ڕێکخراوەکە زۆر بە خێرایی و بە ئاسانی گەورە بێتەوە. ئەندام بوون لە بەسیجدا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و لە چەشنی دامەزراوە مەدەنی و پیشەییەکانی وەکوو سەندیکا نییە. بۆ ئەندام بوون لە بەسیجدا، پێشینە و پیشەی تاکڕێگر نین لە بەردەمیدا و پێویست ناکا کەس یان کەسانێکی دیکە لە ڕێکخراوی بەسیج بیناسێنن، بەڵکوو ڕاستەوخۆ دەتوانێ بەبێ هیچ بەربەستێک بچێتە ڕیزی ئەو ڕێکخراوەیەو، چونکە ئەو جۆرە ڕێکخراوانە تاکەکانیان سەر لە نوێ بەرهەم دەهێننەوە و پێشینەی تاکەکانیان زۆر بۆ گرنگ نییە. بە کۆکردنەوەی تاکەکان لە چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بۆ مەبەستێکی تایبەت و بە کەڵکوەرگرتن لە مێکانیزمی پاداشتکردن و مووچە پێدان، ڕێکخراوی بەسیج هەوڵ دەدا چەشنێک هاوکاری لە نێوان بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا دروست بکا. دەیهەوێ بەشێوەی ئەستوونی (تەمەنە جیاوازەکان و پلە جیاوازەکانی کۆمەڵگە)و ئاسۆیی (توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە) تاکەکان لێک گرێ بدا و لە ئەنجامدا هەموویان بخاتە خزمەت ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی.

**بەسیجییەکان بۆ چوونە زانکۆ و دامەزرانیان لە ئۆرگانە دەوڵەتییەکاندا، شانسێکی زۆرتر لە خەڵکی تریان هەیە و زۆربەی پۆستە ئیدارییەکان هەر پێشتر بۆ ئەندامانی بەسیج داندراون. هەر بۆیە، جگە لە ئایدۆلۆژیا و بەها ئایینییەکان، بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانیش لە پەیوەست بوون بەو ڕێکخراوەیە ڕۆڵیان هەیە. ڕێکخراوی بەسیج خاوەن سیستەمێکی پلەبەندییە کە تاکە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە پێی شێوە و ئاستی چالاکییەکانیان دەتوانن جێگە و پێگەی خۆیان لە نێو دامەزراوە دەوڵەتییەکان قایم بکەن**

فاکتەری سەرەکیی تەیارکردنی کۆمەڵگە لە لایەن ئەو ڕێکخراوەیەو پاراستنی بەهاکانی شۆڕش و پەرەپێدانیانە. ڕێکخراوی بەسیج هەوڵ دەدا زۆرترین ژمارەی تاک تەیار بکا و بە دروست کردنی پەیوەندی لە نێوانیاندا، کۆمەڵگەیەکی تایبەت بە خۆی پێک بێنێ و بە ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی دووبارە پەروەردەیان بکاتەوە. ناوەندی ڕێکخراوەکە گرێدراوی وەلی فەقیهە کە بە ژێدەری هەرە گرنگی ئایدۆلۆژیکی دادەنرێ و گوتارەکانی دەبن بە دروشمی ڕێکخراو. بۆ نموونە، ڕستەی **"بەسیج لە ڕاستیدا، بە واتای تەواوی گەلە"**،کە لە لایەن خامنەییەوە گوتراوە، وەکوو دروشمێکی گرنگی بەسیج کەڵکی لێ وەردەگیرێ.

پەیوەندیگرتن بۆ ڕێکخراوی بەسیج زۆر گرنگە، هەر بۆیەش هەوڵ دەدا تۆڕێکی هاوڕێیەتی لە نێوان ئەندامانیدا دروست بکا، بە تایبەت لە نێوان ئەندامانی سەر بە یەک توێژی کۆمەڵگە، وەکوو مامۆستایان، خوێندکاران، فەرمانبەران و هتد. هەر تاکێک کە دەچێتە ڕیزی بەسیجەوە، پێشتر هەندێک سەرمایەی سەمبۆلیک و باکگراوندی ئایینی یان کۆمەڵایەتی تێدا هەن. لە سەر ئەو سەرمایە و باکگراوندانەیە کە ڕێکخراو هەوڵ دەدا بە تێکەڵ کردنی تاک بە کولتووری ڕێکخراوەیی، مرۆڤێکی نوێی لە بواری هزرییەوە لێ بەرهەم بێنێ. هەر چۆن بە فۆڕمی ئەندامەتیی بەسیجەوە دیارە، ڕێکخراو وردترین زانیارییەکانی تاک بەر لە ئەندامبوون داوا دەکا. ئەو زانیارییە وردانە پێویستن بۆ ئەوەی ڕێکخراو بتوانێ بە ئاسانی کەسایەتییەکی نوێی بە گوێرەی جێگە و پێگە کۆمەڵایەتییەکەی، لێ بەرهەم بێنێ. جێگە و پێگەی کۆمەڵایەتی و چالاکییە مەدەنییەکانی تاک بەر لە ئەندامبوونی، نەک هەر بەربەست نین، بەڵکوو گرنگییەکی زۆریشیان بۆ ڕێکخراوی بەسیج هەیە. وەکوو هەر ڕێکخراوێکی دیکە، گرنگییەکی زۆر بەو کەسانە دەدرێ کە جێگە و پێگەی باشیان لە کۆمەڵگەدا هەیە.

پەیوەست بوون وەکوو ئەندامێکی ئاسایی و سەرەتایی، قۆناغی چوونە نێو هەندێک چالاکی و ڕاهێنانی مەدەنی و بەشدارییە لە کاری هاوبەش لە بواری خۆیدا. جگە لە بوونی وەکوو ڕێکخراوێکی تەیارکەر بۆ بەرگری کردن و پاراستنی بەهاکانی شۆڕش، ڕێکخراوێکی پلەبەندیکراو یان هیرارشیکە کە تاکەکان وەکوو سەکۆیەکی فڕین بەرەو پۆستە گرنگە حکوومییەکان کەڵکی لێ وەردەگرن. دانییێل گاکسی پێی وایە، کە هەر بە تەنیا پاڵنەرێکی ئایدۆلۆژیکی لە پشت ئەندامبوونی تاکەکانەوە نییە، بەڵکوو کۆمەڵێک فاکتەری مادی و سەمبۆلیکیش ڕۆڵ دەگێڕن. گاکسی جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە پێچەوانەی ئەو شێوازەی ڕێکخراوەکان چالاکی و کردەوەکانیان پێشکەش دەکەن، گومان هەیە کە چالاکیی ڕێکخراوەیی لە لایەن تاکەکانەوە تەنیا بۆ بەرگریکردن لە مەبەستێکی هزری و ئایدۆلۆژیکی بێ.

### جـ. بەرژەوەندییە تاکەکەسییەکانی ئەندامەتی


لە ڕێکخراوی بەسیجدا، بە کۆبوونەوە لە دەوری پێناسەیەکی کۆیی، تاکی ئەندام بە دوای بەرژەوەندییە کەسییەکانیشیدا دەگەڕێ، چونکە بەرە بەرە پلەکانی بەرز دەبنەوە، وەکوو ئەندامی چالاک یان کادری ڕێکخراو، کە جگە لە پلەیەکی نیزامی، پۆستێکی گرنگی سیاسی و تەنانەت ئابووریشە. بەرزبوونەوەی پلەی ئەندامەتی، هەم هەلێکە بۆ ئەندام و هەم لە بەرژەوەندی ڕێکخراوەکەدایە، چونکە ڕێگر دەبێ لە ڕۆیشتنی ئەندام و بچووک بوونەوەی ڕێکخستنەکەی. تاکێک کە دەچێتە ڕیزی ڕێکخراوی بەسیجەوە، هەنگاو بە هەنگاو دەستی بە هەندێک سەرچاوەی نێو ڕێکخراوەکە دەگا، وەکوو ئایدۆلۆژی، جێگە و پێگە و شێوەیەکی نوێ لە ڕەوایی کەسی، چونکە ماکس وێبێر پێی وایە، ڕەوایی تەنیا ڕێگە بە دروستکردن و قایم کردنی پێگەی لایەنی زاڵبوو نادا، بەڵکوو ڕێگە بە دروست بوونی جێگە و پێگەی ئەندامێکی ئاساییش دەدا. ڕێکخراوی بەسیج چەشنێک لە ڕکەبەری و پلەبەندی ئەندامەتی تێدایە کە دەبێتە هۆی ئەوەی ئەندام بۆ ماوەیەکی زۆر (تەنانەت هەمیشە) تێیدا بمێنێتەوە. لە ڕێکخراوی بەسیجدا، دوو جۆر لە بەستراوەیی ئایدۆلۆژیک و بەستراوەیی مادی بوونیان هەیە کە ڕێکخراوەکە هەوڵ دەدا بۆ پێشگرتن لە ڕۆیشتنی ئەندام، هەر دووکیان بپارێزێ. ڕێکخراوی بەسیج لە لایەن فەرماندەیەکی نیزامی سەر بە سوپای پاسدارانەوە بەڕێوە دەبرێ، واتە جۆرێک لە پلەبەندیی نیزامی تێیدا بوونی هەیە، هەر بۆیەش وەکوو ڕێکخراوێکی شێوە نیزامی ئەژمار دەکرێ. ئەوەی لە ژێرەوەیە، دەبێ گوێڕایەڵی ئەوەی سەرەوە بێ. ملکەچیی بۆ فەرمانەکانی سەرەوە، لە ڕێکخراوی بەسیجدا زۆر بەرچاوە و هەموو ئەندامان دەبێ فەرمانەکانی فەرماندەی باڵا جێبەجێ بکەن. فەرماندەکانی بەسیج ڕاستەوخۆ لە لایەن سوپای پاسدارانەوە دیاری دەکرین. ئەزموونی ڕێکخراوەیی، چ لە نێو بەسیجدا و چ لە نێو سوپای پاسداراندا، ڕۆڵی سەرەکی لە بەرز بوونەوەی پلەی ئەندام دەگێڕن. هەروەها، لە بەر ئەوەی ڕێکخراوی بەسیج ڕێکخراوێکی بە تەواوی ئایدۆلۆژیکە، ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی، فاکتەرێکی زۆر گرنگە، هەم بۆ ئەندامبوون و هەم بۆ بەرز کردنەوەی پلەی ئەندامەتی. بۆ نموونە، کەسێک کە ئایینێک یان مەزهەبێکی جیاوازتر لە مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامی هەیە، زۆر زەحمەتە بگاتە کادری سەرەوەی ڕێکخراوی بەسیج، چونکە ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهـ لە سەر بنەمای شیعەی دوازدە ئیمامییە. بۆ ئەوەی ئەندام بگا بە پۆستە هەستیارەکان، دەبێ وەکوو فەرماندەکانی سوپای پاسداران، پلە نیزامییەکانیش ببڕێ.

لە کۆتاییدا، بە پێی خوێندنەوەی مایۆ لە سەر ڕێکخراوەکان بە گشتی، ڕێکخراوی بەسیج سێ ڕەهەندی هەیە: ڕەهەندێکی ئایدۆلۆژیکی یان سیستەمێکی بڕوایی، ڕەهەندێکی فەرمی یان ڕێسای ڕێکخراوەیی، ڕەهەندێکی نافەرمی یان هەڵسوکەوتی ئاسایی نێوان تاکەکان و گرووپەکان. ڕێکخراوی بەسیج هەوڵ دەدا مرۆڤێکی نوێ و پێناسەیەکی هاوبەشی نوێ بەرهەم بێنێتەوە، بە جۆرێک کە تاک هەم جڤاتییە و هەم کەسەکی.

***

**مستەفا مەولوودی:**

## ئیدیعاکانی ڕەزا پەهلەوی لەگەڵ واقعی سیاسی و ئەتنیکیی ئێران یەک ناگرنەوە



جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕوانگە و ئیدیعاکانی شازادە ڕەزا پەهلەوی لە پێوەندی لەگەڵ ئێران و نادیدەگرتنی ماف و ئازادییە نەتەوەییەکانی گەلانی ئەم وڵاتەی بە نادروست لە قەڵەمدا و ڕایگەیاند کە ئەم بۆچوون و تێڕوانینانە زیان بە پرسی دێموکراسی و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نەتەوەکان لە ئێرانی داهاتوودا دەگەیەنێ و هیچ قازانجێکی لێ ناکەوێتەوە.

کاک مستەفا مەولوودی کە بە نوێنەرایەتیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی ئەندامانی ئاشکرای حیزب، ڕۆژی هەینی، ڕێکەوتی ١٨ی ڕەزەری ١٣٩٩ی هەتاوی لە شاری سلێمانی وتارێکی پێشکەش کرد، ویڕای باس کردن لە گرینگیی تەشکیلات لە حیزبی دێموکراتدا، لە پێوەندی لەگەڵ داهاتووی ئێران و تێڕوانینی حیزبەکەی لەم بارەوە قسەی بۆ بەشداران کرد. بەڕێزیان لە قسەکانیدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزب لە قۆناغە جیاجیاکاندا بەرانبەر بە سیاسەتە دژیگەلییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئاماژەی بە هەموو ئەو شێوازانە لە خەبات کرد کە حیزبی دێموکرات بۆ دابین کردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان گرتوویەتە بەر.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا کە تایبەت بوو بە داهاتووی ئێران و چۆنیەتی بنیاتنانەوەی ئەم وڵاتە لە سەر بنەمای دێموکراسی و دابینبوونی مافی نەتەوەکان، باسی لە ڕوانگە و بۆچوونی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کرد و بە ڕەخنەگرتن لە تێڕوانینی بەشێک لەم هێزانە بۆ پرسی دێموکراسی و مافی گەلانی جیا لە نەتەوەی دەسەڵاتدار، پێی وابوو کە ڕوانگەی ناوەندگەرایی و نادیدەگرتنی مافی نەتەوەکان گەورەترین مەترسین بۆ سەر داهاتووی ئەم وڵاتە. لەم بەشە لە قسەکانیدا بەڕێز مەولوودی بە ئاماژەدان بە دوایین بۆچوونی ڕەزا پەهلەوی، کوڕی دوایین شای ئێران گوتی: ئەوەی ڕەزا پەهلەوی لە چوارچێوەی هاوپەیمانی بۆ ئێرانی داهاتوودا باسی لێوە دەکا، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ واقعییەتی کۆمەڵگەی ئێراندا ناگونجێ و ناتوانێ وڵامدەری زەروورەتی سیاسیی ئێستا و داهاتووی ئەم وڵاتە بێت. مستەفا مەلوودی ڕایگەیاند: "ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هیچ شێوەیەک ناچینە هاوپەیمانییەکەوە کە باوەڕی بە ئەسڵی دێموکراسی و دابین کردنی مافی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد نەبێ". بۆیە ڕاشکاوانە وێڕای ئاماژەدان بە نێوەرۆکی ڕوانگە و بۆچوونی بەشێک لە هێز و لایەنە ئێرانییەکان لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆن، ڕایگەیاند کە بێ باوەڕیی ئێرانییەکان بە مافی نەتەوەکانی ئەم وڵاتە و قبووڵنەکردنی جیاوازییە ئەتنیکییەکانی ئەم وڵاتە و خۆ گێل کردن لە چارەسەریی ئەم پرسانە، ناتوانێ بە قازانجی داهاتووی ئێران بێ.

## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی ئەندامانی حیزب لە دەڤەری سۆران

کۆنفرانسی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەڤەری سۆرانی باشووری کوردستان بەڕێوەچوو و ئەندامانی کۆمیتەی نوێی حیزب لە سۆران هەڵبژێردران.

لە درێژەی بەستنی کۆنفڕانسی ئەندامانی حیزب لە باشووری کوردستان بە مەبەستی هەڵبژاردنەوەی کۆمیتەکان، دوانیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە، ٢٢ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی، کۆنفڕانسی ئەندامانی حیزب لە دەڤەری سۆران بەڕێوە چوو.

لە سەرەتا کۆنفڕاس‌دا کە بە ساتێک بێ‌دەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد، بەڕێز لوقمان موئمینی، بەرپرسی ناوەندی ٣ی کوردستان باسێکی سیاسی پێشکەش کرد. بەڕێزیان لە باسەکەیدا وێڕای ئاماژەدان بە سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ وڵاتانی دەوروبەر، باسی لە ستراتیژیی هیلالی شیعە، هەزینەی قورسی ئەم سیاسەتە و کاریگەرییە سیاسی و ئابوورییەکانی بۆ سەر خەڵکی ئێران و لە کۆتایی‌دا، شکستهێنانی کرد.

لە بەشێکی دیکەی کۆنفڕانس و دوای بەشداریکردنی هاوڕێیان لە باسە سیاسیەکەدا، ڕاپۆرتی کۆمیتەی حیزب لە سۆران لە لایەن بەرپرسی پێشووی کۆمیتەوە خوێندرایەوە.

لە دوایین بەشی کاری کۆنفڕانس‌دا، ئەندامانی حیزب لە پرۆسەیەکی ئازاد و دێموکراتیکدا بە چاودێریی نوێنەری کۆمیسیۆنی پاریزگاری لە پەیڕەوی نێوخۆ، ئامادەبوونی بەرپرسی کۆمیتەی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب لە باشووری کوردستان و نوێنەری کۆمیسیۆنی تەشکیلات، نوێنەرانی خۆیان بۆ کۆمیتەی حیزب لە سۆران هەڵبژارد.



# پۆلیسی ئێران تاوانباری ژمارە ١

## (لە پەراوێزی سووکایەتی و شکاندنی کەسایەتیی تاوانباران‌دا)



عومەر باڵەکی

ماوەیەک لەوە پێش پۆلیسی تاران چەند کەسێکی لە پشتی ماشێنی سەرئاوەڵە بە دەستبەستراوی بە نێو شەقامەکانی تاراندا دەخولاندەوە و هەر جارناجارێکیش چەند پۆلیسێکی دەمامکدار کە لەگەڵیان سوار ببوون بە مست و چەپۆک بە سەر و چاوی ئەو کەسانیان دادەدا و قسەی ناشیرینیان پی دەگوتن و لە هەمان کاتدا لەو بەراوبەری شەقامەکانیش خەڵک بۆ سەیری ئەو دیمەنانە ڕاوەستابوون. بە قسەی پۆلیسی تاران ئەو کارە بۆ سزادان و چاوترسێن کردنی ئەو کەسانەیە کە نەزمی کۆمەڵگە تێک دەدەن و ژیانی ئاسایی خەڵک دەخەنە مەترسییەوە، واتا بەقسەی خۆیان ئەو ڕەفتارە جۆرێک سزایە بۆ ئەو کەسانە کە بە (ارازل واوباش)یان دەناسێنن.

لەسەر ئەوە کە پۆلیس بەڕێوەبەری قانوونە و پاراستنی نەزمی کۆمەڵگەی لە بواری دابین کردنی ئاسایش و ئارامی بۆ هاووڵاتی لە ئەستۆیە هیچ قسەیەک نییە، بەڵام قسەی سەرەکی ئەوەیە کە پۆلیس بۆخۆی قانوون‌دانەر نییە، بەڵکوو بەڕێوەبەری قانوونە و ئەو جۆرە سزایە، واتا گەڕاندنی تاوانبار بە نێو خەڵکدا تەنانەت ئەگەر دادوەریش حوکمی ئاوای دابێ، دیسان هەر بە پێچەوانەی قانوونە.



ئەو مەسەلەیە لەو دوو ڕوانگەوە دەتوانین هەڵسەنگاندنی بۆ بکەین. سەرەتا، لە ڕوانگەی قانوونییەوە: یەکەم شت ئەوەیە لە قانووندا پێویستە هەموو ئەو کردار و گوتنانە دەست نیشان بکرێن کە کردن یا نەکردنیان دەبنە هۆی تاوان و لە بەرامبەر هەر کامیاندا قانوون‌دانەر سزای خۆی بۆ دەست نیشان بکا. لە نیزامی کۆماری ئیسلامییشدا بە چەندین سەرچاوە هەیە کە قانوون‌دانەری ئەو نیزامە بە پێی ڕێوشوێنی ئیسلامی و مەزهەبی ڕەسمیی نیزام دایان‌ڕشتوون و ماوەی زیاتر لە چل ساڵە کاریان پێ دەکرێ؛ بەڵام لە هێچ کام لە بڕگە و ماددەکانی ئەو قانوونانەدا ماددەیەک بەر چاو ناکەوێ کە یەکێک لە سزاکانی تاوانبار گەڕاندن بە شەقامەکانی شاردا بێ و بە بەرچاوی خەڵک کەسایەتیی ئەو بشکێندرێ.

لە قانووندا مەبەست لە سزادان قەرەبوو کردنەوەی تاوان‌لێکراوە و لە هەمان کاتدا گرتنەبەری ڕێگای چاکسازی بۆ تاوانبارە کە دوای تەواو بوونی ماوەی سزاکەی وەک کەسێکی بەخۆداهاتووەوە بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگە و ژیانی ئاسایی خۆی دەست پێ بکاتەوە، بەڵام ئەو کردارەی پۆلیسی تاران ئەو ڕێگایە لە تاوانبار دەگرێ کە بتوانێ وەک کەسێکی ئاسایی لە دوای تەواو بوونی حوکمی سزادانەکە بگەڕێتەوە نێو کۆمەڵگە چونکە ئەو جۆرە سزادانە واتا گەڕاندن بە شەقامەکاندا وەک تاوانبارێک هەموو کات بە نێوچاوانیەوە دەمێنێتەوە و لە کۆمەڵگەشدا زۆر بە زەحمەت وەک کەسێکی ئاسایی وەردەگیرێتەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە ئاراوە کە ئایا ئامانجی پۆلیس تاران لە گەڕاندنی ئەو تاوانبارانە بەنێو شاردا هەر نیشاندانی هێز و توانای خۆیان و لەو ڕێگایەشەوە شکاندنی کەسایەتیی تاوانباران نەبووە؟ بێگومان ئەگەر ئامانجیان نیشاندانی هێزی پۆلیسی ئێرانە دەتوانین بڵێین ئەوە نیشانەی بێ‌هێزییە، چونکە بەهێز بوونی پۆلیسی هەر وڵاتێک کاتێک دەردەکەوێ کە بتوانێ پێشگیری لە ڕوودانی تاوان بکا و ئەگەر تاوان ڕووی دا لە ماوەیەکی کەمدا بتوانێ ئاشکرای بکا و تاوانباران ڕادەستی قانوون بکا. هاوکات پۆلیس هەوڵ بدا بۆ کەمکردنەوەی تاوان، چونکە کەمکردنەوەی تاوانە دەتوانی ئیقتدار و بەهێز بوونی پۆلیس دەر بخا، نەک گەڕاندنی چەند تاوانبارێک بە کۆڵان و شەقامەکاندا. هەر ئەو ڕەفتارەی پۆلیسی تاران خۆی بە پێچەوانەی قانوونە و لە ڕاستیدا جۆرێک لە تاوان و تەنانەت هۆکاریشە بۆ زیاد بوونی تاوان و تاوانکاری. هەر وەک پێشتریش باس کرا کەس یا کەسانێک کە تاوان دەکەن، وەزیفەی پۆلیس ئەوەیە بۆ بەردەمی دادوەردا ئامادەیان بکا و ئەوە دادگا و دادوەرە حوکم لەسەر تاوانبار دەدا و تەنانەت دادگا و دادوەریش ناتوانێ حوکم بە سزایەک بدا کە قانوون دەستنیشانی نەکردوە، چونکە دادوەر و دادگاش بەڕێوەبەری قانوونن، نەک داڕێژەری قانوون.

بە پێی ئەسڵێکی سەرەتایی بەڵام گرینگی قانوونی، هیچ کەس و لایەنێک تاوانبار نییە مەگەر لە دادگایەکی دادپەروەردا بە تاوانبار دابندرێ و حوکمی بۆ دەربچێ. سەبارەت بەو بابەتە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییش نەیتوانیوە خۆی لێ لابدا و لە ئەسلی ٣٧دا دەڵێ: (ئەسل، بێ‌تاوانییە و لە ڕوانگەی قانوونەوە هیچ کەس بە تاوانبار ناناسرێ، مەگەر لە دادگایەکی ساڵحدا تاوانەکەی سەلمێندرابێ.) هەر لە ئەسلی ٣٩ی هەمان قانووندا بە ڕوونی هاتوە: (شکاندن و بێ‌حورمەتی کردنی بە کەسایەتیی کەسێک کە بە حوکمی قانوون دەستبەسەرە یا زیندانی و یان دوورخراوەیە، لە هەر حالەتێکدا بێ ،قەدەغەیە و سزای لەسەرە.) بە پێی هەموو پێوەرەکان قانوونی بنەڕەتی هەر وڵاتێک دایک و سەرچاوەی هەموو قانوونەکانە و بەو پێیە بێت کرداری پۆلیس تاران کە دەبێ پارێزەری قانوون بێت ڕاست بە پێچەوانەی ئەو ئەسلە لە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامییە و ئەوە بەو مانایەیە کە پۆلیسی تاران خۆی قانوون شکێنیی کردوە. لە نیزامێکیش‌دا کە دادوەر و پۆلیس بە پێچەوانەی قانوونەکان بجووڵێنەوە، دەبێ تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیە چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ قانوونەکاندا بکەن.

**پرسیار ئەوەیە ئایا ئامانجی پۆلیس تاران لە گەڕاندنی ئەو تاوانبارانە بەنێو شاردا هەر نیشاندانی هێز و توانای خۆیان و لەو ڕێگایەشەوە شکاندنی کەسایەتیی تاوانباران نەبووە؟ بێگومان ئەگەر ئامانجیان نیشاندانی هێزی پۆلیسی ئێرانە دەتوانین بڵێین ئەوە نیشانەی بێ‌هێزییە، چونکە بەهێز بوونی پۆلیسی هەر وڵاتێک کاتێک دەردەکەوێ کە بتوانێ پێشگیری لە ڕوودانی تاوان بکا و ئەگەر تاوان ڕووی دا لە ماوەیەکی کەمدا بتوانی ئاشکرای بکا و تاوانباران ڕادەستی قانوون بکا. هاوکات پۆلیس هەوڵ بدا بۆ کەمکردنەوەی تاوان، چونکە کەمکردنەوەی تاوانە دەتوانی ئیقتدار و بەهێز بوونی پۆلیس دەر بخا، نەک گەڕاندنی چەند تاوانبارێک بە کۆڵان و شەقامەکاندا**

لایەنی دووهەمی ئەو کردەوەی پۆلیسی تاران، لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕووحی و ڕەوانیی کردەوەکەیە، هەم لەسەر تاوانبار و هەم لەسەر کۆمەڵگە. چونکە لە ماوەی چل ساڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا دەبینین بەو هەموو سزا توندوتیژە و ئیسلامی و شەرعییانەی دامودەزگای دادوەری و پۆلیس و دەزگا ئەمنیەتییەکانی ئەو نیزامە لە پانتایی جوغرافیای ئێران سەپاندوویانن و بەڕێوەیان بردوون، نەک تاوان و تاوانکاری کەم نەبۆتەوە، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژیش تاوان و تاوانکاری زیادی کردوە. دەشتوانین بڵێین دووپات بوونەوەی تاوانەکان نیشانەی ئەوەیە کە سزاکان چونکە بۆ ئیسلاحی تاوانبار و قەرەبوو کردنەوەی تاوانلێکراو نەبوون و زۆرتریان بۆ داسەپاندنی هێژموونیی کۆماری ئیسلامی بەسەر کۆمەڵگەی ئێراندا بووە نەتوانراوە لە ڕادەی تاوان و تاوانکاری کەم بێتەوە. ئەو جۆرە سزایانەی وەک ئێعدام لە بەر چاوی خەڵک و گەڕاندنی تاوانبار بە شەقامەکاندا ... لە لایەن توێژەرانی کۆمەڵایەتییە سەلمێندراوە کە یەکێک لە سەرچاوەی پەرەپێدانی تاوانکارین.


بێگومان بابەتی تاوان و تاوانکاری هەموو کات بیر وهۆشی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە خۆیەوە خەریک کردوە کە چ بکرێ تاوان ڕوو نەدا، یان چۆن بتوانرێ لە ڕادەی تاوانکاری کەم بکرێتەوە و ئەگەر تاوانێک ڕووی دا چۆن بتوانرێ قەرەبووی تاوانلێکراو بکرێتەوە و تاوانکاریش سزای شیاوی ئەو تاوانە وەربگرێ. لەو بیر کردنەوەیەدا کۆمەڵگەی جیهانی بەسەر دوو ڕێکاردا دابەش بووە. ڕێکاری یەکەم ئەو کۆمەڵگەیانەی کە بە باوەرمەندن بوون بە قانوون بەڕێوە دەچن، واتا لە ڕێگای قانوونی سزادانەوە کە بەشێوەی زانستی و نیاز و پێویستی کۆمەڵگە دارێژراوە هەوڵ دەدەن لە تاوان و تاوانکاری کەم بکەنەوە. لەو جۆرە کۆمەڵگەیەدا لە سەر تاوان و تاوانکار جۆرێک هەڵوێستە و بیرکردنەوە هەیە واتا دامودەزگای دادوەری لە گەڵ ئەوەدا تاوانبار بە پێی ڕادەی تاوانەکەی کە لە قانووندا دیاری کراوە سزا دەدا لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەن هۆکار و پاڵنەری تاوانکارییەکە بدۆزنەوە بۆ ئەوە بتوانن ڕێگاچارە دەست نیشان بکەن و پێش لە دووپات بوونی تاوانە بگرن.

بەڵام ڕێکاری دووهەم لەو کۆمەڵگەیانە بەڕێوە دەچێ کە بە داب ونەریت یا قانوونەکانی شەریعەت سەرچاوە گرتوو لە ئایین بەگژ تاوان و تاوانکاریدا دەچنەوە و لەو جۆرە کۆمەڵگەیانەدا بە پێی دەقە قانوونییەکان لەگەڵ تاوان و تاوانکاری هەڵسوکەوت ناکرێ، بەڵکوو زۆرتر لە ڕێوشوێنە عورفییەکان و قانوونەکانی ئایین بۆ بە سزاگەیاندنی تاوانبار کەڵک وەردەگرن کە ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە لەگەڵ تاوان و تاوانکار بە ناوچەش دەگۆردرێ و ئەوەش دوو جۆری لە سزادان دێنێتە ئاراوە و، جاری وایە دادوەرەکان ئەوەند بە پەلە و ئیحساسی بڕیاری سزادانی تاوانبار دەدەن کە هێشتا بە دروستی ڕوون نەبۆتەوە کە ئەو کەسەی دەستبەسەر کراوە ئەو تاوانەی ئەنجام داوە یا نا؟ یا هۆکاری ئەنجامدانی ئەو تاوانە چ بووە؟

بە کورتی دەتوانین لە هەڵسوکەوتی پۆلیس و دەزگای دادوەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بەو ئەنجامە بگەین کە نیزامی دادوەری و ئەمنیەت و ئاسایشی ئێران لە دەستەی دووهەمدا ئەژمار دەکرێن، چونکە بە هۆکاری نەبوونی قانوونێکی سزادانی سەردەمیانە کە بە پێی نیازی کۆمەڵگە داڕێژرابێ و مافی تاوانلێکراو و تاوانباری تێدا دەستنیشان و پارێزراو بێ و؛ لە هەمان کاتدا پارێزەری مافی گشتیی خەڵکیش بێ، نەیتوانیوە لە بەربەرەکانی لەگەڵ خوڵقێنەرانی تاواندا سەرکەوتوو بێ و زۆر جارانیش هەر کردەوەی هێزەکانی پۆلیس و دەزگای داد خۆیان بوونەتە هۆکاری پەرەئەستاندنی تاوان و تاوانکاری.

کوردستان
• ژمارە: ٧٨٤
٣٠ی ڕەزبەری ١٣٩٩ _ ٢١ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٠

# زمانی زگماک هێڵی سوورە و بۆ گاڵتەپێکردن نابێ!



د. کامران ئەمین ئاوە

لە وڵاتگەلی نادێموکراتیک وەک ئێران نەتەوەی سەردەست و دەسەڵاتدار، بە پێی تێزی "یەک دەوڵەت و یەک نەتەوە" یاخود بە ناوی "ئوممەتی ئیسلامی" و بە بەکارهێنانی شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەکانی دیکە دەدا. ئەم چەشنە دەسەڵاتدارە بێجگە لە بەکارهێنانی زەبر و زۆری فیزیکی و کوشتن و برین و لە بەندیخانە خستنی ئازادیخوازانی نەتەوەی ژێردەست، بە گەمراندن، چەواشە و بێ بەها کردنی بایەخە مەعنەوییەکانی ئەوان، تێدەکۆشێ بە شێوەیەکی ئارام بەڵام بەردەوام، مێژوو، کولتوور و زمانی ئەو خەڵکانە بکاتە ئامانج و خەڵکەکە لەباری مەعنەوییەوە بێ نێوەڕۆک و کلۆر و، لە کۆتاییدا ئاسیمیلە بکا.

حکوومەتەکان بە هۆی دەسەڵاتی ماددی و مەعنەوییەک کە هەیانە، لە هەموو ئامرازێکی خۆیان وەکو فێرگە، ڕادیۆ و تەلەویزیۆن، فیلم و شانۆ و بە گشتی لە تەواوی بوارەکانی میدیایی و ڕاهێنان بۆ بەڕێوەبردنی سیاسەتی فەرهەنگیی خۆیان کەڵک وەردەگرن. بە هاسانی مێژوو و ڕاستییەکان چەواشە دەکەن، قارەمانە نەتەوەییەکان دەکرێن بە چەتە و، خائین و سیخوڕی بێگانە و؛ سەرکوتکەر، خۆفرۆش و شا و پاشا و مەلاکان دەکەنە سێمبولی ئازادی، مرۆڤ دۆستی و نیشتمانپەروەری. لە ئێرانی سەردەمی ڕەزاشا و محەمەد ڕەزاشای کوڕیدا، کە قاتڵی هەزاران ئازادیخوازی کورد و لۆڕ و ئازەری و بە گشتی پێشکەوتنخوازانی ئێرانی بوون، دەکران بە باوک و دڵسۆزی گەل، بەڵام قازی محەممەد، پیشەوەری، سولێمان موعینی، سمایل شەریفزادە، ڕوزبە، جەزنی و ڕەزاییەکان وەک نۆکەری بێگانە و نیشتمانفرۆش پێناسە دەکران. ئەم سیاسەتە پاش شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە ئێران لە لایەن حکوومەتی ئیسلامییەوە بە چەشنی دیکە بەڵام هەر لەهەمان سۆنگەوە درێژەی پێدرا.

ساڵانێکی زۆرە کە بەرگری و قەدەغە و دانانی ئاستەنگ لەبەر نووسین بە زمانی زگماکی گەلە نافارسەکان و ڕێگری کردن لە خوێندن و نووسین بە زمانی دایکی لە فێرگەکان یەکێکی دیکە لە شێوەکانی ئاسیمیلە کردن و زەبرلێدان لە کولتوور و زمانی نەتەوەکانی نافارسە. ڕۆڵەی کورد و ئازەری و عەڕەب و بەلووچ و هتد هەر لە منداڵییەوە ناچار کراون بە زمانی فارسی بیر بکەنەوە، بخوێنن و بنووسن و جوانترین هەستەکانیان بە زمانی فارسی دەرببڕن.

لەم سۆنگەیەوە نووسەر، وەرگێر و شاعیرە نافارسەکان وەکو ئەحمەد محموود، عەلی محەممەد ئەفغانی، محەممەد قازی، محەممەد عەلی دەروێشیان، برایم یوونسی، سەید محەممەدحوسێن بێهجەت تەورێزی (شهریار)، سەمەد بێهرەنگی، غوڵامحوسین ساعیدی، مەنسوور یاقووتی و هتد لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا زیاترین خزمەتیان بە گەشەسەندنی زمان و کولتووری فارسی کردوە. مخابن ئەوان بە هۆی نەبوونی دەرەتان و ئیزنی نووسین بە زمانی دایکییەوە نەیانتوانی ئەو خزمەتەی پێویست بوو بە زمان و فەرهەنگی خۆیان بکەن. ئەمە شتێکی ئاشکرایە کە بەشێک لە ئاهەنگساز و گۆرانیبێژە بەناوبانگەکانی کورد وەک کەیهان کەلهۆر، شەهرام نازری، عەندەلیبی و کامکارەکانیش خزمەتێکی زۆریان بە ڕەوتی گەشەسەندنی مۆسیقای فارسی کردوە، هەرچەند هەتا ڕادەی ڕێپێدراو بەڵام نەک لە ئاستی گۆرانیی فارسیدا، خزمەتیان بە موسیقیای کوردیش کردبێ.

بەڵام سیاسەتی بێ بایەخکردنی زمان و وێژەی نافارسەکان تەنیا لە بواری قەدەغەکردن یان ڕێگری و ئاستەنگ دانان لەسەر ڕێگای بەکارهێنانی زمانی زگماکی و ڕوو کردنە زمانی فارسی و خوێندن و نووسین بە زمانی حکوومی نییە، بەڵکوو بواری ئیزندان بە چەشنێکی ئامانجدار بە زمانی نافارسەکان بە تایبەتی کوردی و تورکی و لوڕی لەسەر شاشەی تەلەویزیۆن و شانۆ و سینەماش لەخۆ دەگرێ.

کاتێک سەیری بەشێک لە بەرنامەکان وەک کێبەرکێی بەناو "هوش برتر" و کێبەرکێی "٢١ سئوالی" و بەرنامەی هاوشێوە دەکرێ کە لەژێر ناوی "طنز" یان کورتە فیلمی کوردی لە سنە و کرماشان و ئازەربایجان و لوڕستان و هتد بە زمانی گاڵتەجاڕی کوردی یان لوڕی و تورکی تێکەڵاو لەگەڵ فارسی ئامادە دەکرێ، دەبینین کە ئاکتەرەکان وەکوو ئەوەی خەڵکی ئەم ناوچانە نەبن و هیچ ناسیاوییەکیان لەگەڵ زمانی فارسیدا نەبێ، بە تێکەڵ و پێکەڵکردنی فارسی و کوردی یان بە لەهجەیەکی کوردیی سەیر و سەمەرە قسە دەکەن و وەڵامی پرسیارەکان دەدەنەوە. ئەو بەرنامانە بە ئامانجی پێکەنینی بینەری فارس و ناکورد ئامادە دەکرێن و بەدەستی خۆیان و بە پێی سیاسەتی نادیاری نەیاران، گاڵتە و سووکایەتی بە زمان و ئاستی تێگەیشتوویی خەڵکەکەی خۆیان دەکەن. لە زنجیرە بەرنامەکانی "هوش برتر"دا، سیمایەکی نەزان و گەوج بە بەشدارە کوردەکان و لە ڕاستیدا بە گشت کۆمەڵگەی کوردی دەدرێ.




لە لایەکی دیکەشەوە، بەردەوام لە سەر یووتیووب، ئینستاگرام و تێلێگرام و واتساپ گەلێک بەرنامەی کورت دەست بە دەست بڵاو دەبێتەوە کە ئاشکرا سووکایەتی کردنە بە فولکلۆر و وێژەی نەتەوە نافارسەکان. بۆ وێنە، کاتێک لەسەر سکۆی شانۆی شارێکی ئازەربایجانی ئێران "سکینە دای قیزی نای نای" ئازەرییەکان بە فارسی تەرجومە دەکرێ و قاقای پێکەنین ساڵۆنەکە پڕ دەکا، کەس نییە بپرسێت گۆرانیی فولکلۆر چۆن بەو شێوەیە تەرجومە دەکرێ و بە گشتیی چ پێویستیەک لەوەدایە کە هونەرمەندانی نەتەویەک بۆ خۆشیی فارس زمانەکان، گاڵتە بە خۆیان و فەرهەنگەکەیان بکەن؟ ئەگەر ئەمڕۆ کەسێک بیەوێ گۆرانیی "شەمامە خاڵ خاڵ" و زۆر گۆرانیی حەسەن زیرک و هتد وەربگێڕێتە سەر هەر زمانێکی دیکە، بێگومان شتێکی سەیر و سەمەری لێ دەردێ، بەڵام ئەم گۆرانییانە بەشێکن لە مێژووی ئەدەب و فەرهەنگی فولکلۆریی کوردی و خەڵکیش چێژ لە بیستنیان دەبەن و تەرجومە کردنیان بە زمانێکی دیکە نەک پێویست ناکا، بەڵکوو بە تەواویەتی خزمەت بەوانە دەکا کە دەیانەوێ پیشان بدەن ئەم چەشنە زمانانە تەنیا بۆ دەربڕینی گۆرانی و شێعرە و، لە ئاستێکی وەها نزمدان کە تەنیا بۆ گاڵتە پێکردن و پێکەنین دەبن و لەئەنجامدا توانای بەرانبەری کردنیان لەگەڵ زمانی "حافظ" و "سعدی" نییە!

دوژمن بۆ بچووک و بێ بەها کردنی هەر شتێکی پیرۆزی نەتەوەکانی دیکە کەڵک لەهەموو چەشنە ئامرازێک و یەک لەوان ئاسیمیلەکردنی فەرهەنگی وەردەگرێ، هەتا ئەو ڕادەیەی بۆ بەشێک لە کورد و ئازەری و ... کارەکە دەگاتە ئەو شوێنەی کە قسەکردنی بێ لەهجە بە فارسی دەبێتە شانازییەک و تێدەکۆشری تەنانەت لە بەشێک لە بنەماڵەکان و بە تایبەتی ئەوانەدا کە لە دەرەوەی کوردستان دەژین، لەگەڵ منداڵەکان تەنیا بە زمانی فارسی قسە بکرێ، بۆ ئەوەی نەکا لە دەرەوەی ماڵێ و لە فێرگە و شەقامەکان گاڵتەیان پێ بکرێ و لەم سۆنگەیەوە زەبرێکی زۆر دەدرێ لە متمانەبەخۆیی ئەم منداڵانە و ڕووخانی پردی پێوەندییان لەگەڵ گشت بنەماڵە و نەتەوە و نیشتمان.

کارەسات لە هەوڵی دوژمن بۆ پێشبردنی ئەرک و بەرنامەکانی خۆیدا نییە، کارەسات لە هاوڕێیی کردنی بەشێک لە ڕۆڵەکانی کورد بە چەشنێکی خوازیار و ناخوازیار لەگەڵ ئەم هێڵ و سیاسەتەیە، کە بێ ئەوەی بیری لێ بکرێتەوە دەبنە ئامرازی دوژمن بۆ لەنێو بردنی ڕێز و کەرامەت و کەسایەتیی خۆ و نەتەوەکەیان و، بە قەولی کرماشانییەکان وامان لێ دەکەن "ودس خومان ئاگر نینە غژ خومان" یان "وەکو مریشک بۆخۆمان خۆڵ بەسەر خۆماندا بکەین".

بێگومان دوژمن و نەیارانی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانجە ناپیرۆزەکانیان و سڕکردن و تواندنەوەی ئەوان، لەهەر چەشنە ئامرازێک و یک لەوان سڕینەوەی زمان و ئەدەبی نافارس یاخود بە گەمراندنیان کەڵک وەردگرن، بەڵام ئەوە ئەرکی ڕووناکبیرانی ئەم نەتەوانە و بە تایبەتی کوردە کە بەلانی کەم ڕێخۆشکەر و بڵاوکەرەوەی ئەم فیلم و کلیپ دزێوانە نەبن و ڕێ بە پەرەسەندنی ئەم کارە قیزەونانە لەنێو خەڵکدا نەدەن.

ڕۆڵەکانی گەلی کورد دەبێ بەرانبەر بەو سووکایەتییانە بوەستن و بە دەنگی بەرز نارەزایەتیی خۆیان بەرانبەر بەو سووکایەتییە ئاشکرایە دەرببڕن. هەروەها کۆمەڵانی خەڵک پێویستە بەرگر بن لە بڵاوکردنەوەی ئەو کلیپە قیزەونانەی وا تێیدا سووکایەتی بە هۆش و لێهاتوویی خەڵک و زمانی نەتەوایەتییان دەکرێ.

ئەوانە بۆ پێکەنین نین بەڵکوو کورد دەبێ بە دیتنیان بگری و تووڕەیی خۆی بەسەر ئامادەکاران و ئەکتەرەکانیاندا ببارێنێ کە بوونەتە کەرەسەی بەڕێوەچوونی سیاسەتێکی دژە نەتەوەیی نامرۆڤانە.

***

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# شانازی بە «مەڕ» بوونمان دەکەین

بۆ تەواوکردنی چیرۆکی ئەمجارە لە سەر دارێکی نیزیک فڕۆکەخانەی ئیمام خۆمەینی گوێم بۆ دەردەدڵی مەڕێکی چاوەڕوانی سەفەر شل کردوە و وەک خۆی بۆتانی دەگێڕمەوە.

کەسی لەمن بێزیان و زەڕترتان لەسەر ئەم گۆی زەوییە دەست ناکەوێ. وەک مەڕی خوام و زەڕم بۆ کەس نییە. حەزم لە ژیانی بەکۆمەڵە و پێمخۆشە بەردەوام لە نێو "ران" بم، سەرم لە بن دونگی مەڕی پێشەوەم و دونگم لەسەر سەری مەڕی دواوەم بێت. هیچ حەزم لە ژیانی تەنیایی نییە و کاتێک دوور لە ڕان بم سەری کێوانم لێ وێک دێ و لەتاوان بەردەوام سەر دە ئێرە و ئەوێ دەکوتم. ئەوەندە لە گورگ دەترسم هەر ناوێرم بیریشی لێبکەمەوە. گورگی بێ ئیمانیش لە جیات ئەوەی دانەیەکمان بخوا، دەکەوێتە نێومان و قوڕگمان دەگرێ و ورگمان دەدڕێ.

سەرچاوەی خوری و شیر و بەرگنم. گۆشتم هەر باسی مەکە. گەلی گوندییان و جیرانان بەتایبەت موسوڵمانان ئەم گۆشتەم شەقار شەقار دەکەن و بە قولاپی قەسابخانەکاندا هەڵیدەواسن. دوژمنی باوکە کوشتەم وڵاتی سعوودیەیە. هەموو ساڵان بەر لە جەژنی قوربان لەگەڵ هاوڕێیان و گەلی دە دۆست برادەران کۆمەڵکوژمان دەکەن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش وەک نەبای پێدا هاتبێ و نە بۆران هەر باسی ئەم ژینۆسایدەی ئێمە ناکا. ڕەببی دوژمنی باپیریشتان تووشی ئەمجۆرە "هۆلۆکاست"ە نەبێ. زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی سەرگۆی زەوی و پێداویستییان بە گۆشتخواردن و لە سەرووی هەموویان کۆمەڵکوژییەکەی هەموو ساڵانی سعوودیە، گورگیشی لەبیر ئێمە بردووەتەوە. ئایین و ئابووری و کێشەی نەتەوەکان ئێمەی "مەڕ"یشی تووشی سیاسەت کردوە و ناچارین بە ئیما و ئاماژە و ئیشارەش بێت جاروبار لەنێو خۆماندا باس و خواسی سیاسی بورووژێنین. بەڵام ئەم وروژاندنەش دەبێ زۆر بە هێواشی بێ و ئێمە هەر بە مەڕ بناسرێین. بە تایبەت ئەوکاتەی لە خاکی پیرۆزی کۆماری ئیسلامین یان لێیەوە نزیکین، بەهۆی مەڕ بوونمان بەردەوام خێر و خۆشی و چاکەمان بەسەردا دەبارێ.

ئێمە لەم وڵاتە کارمان بە هیچ نییە و تەنیا سەری خۆمان بەردەدینەوە. بە دونگمان سێبەر لە سەری یەکتر دەکەین و لە نێو خوریە ئەستوورەکەماندا نە باکمان بە گەرمایە و نە بە سەرما. ئاغایانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی زۆر جار یارمەتیشمان دەکەن. هەرچەندە لەم دواییانەدا خۆمان بە سیاسەتمەدار دەزانین و لای خۆمان پێمانوایە ئێمەش لە سیاسەت تێدەگەین، بەڵام لای برادەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی هەر وەسەر خۆمانی ناهێنین. زۆر جار کەوڵەکەمان بێ ئەوەی بیگرون و بیبەنە کارگە و ڕەعەمەلی بێنن، بۆنی دەباغخانەی لێدێت.

چەند ڕۆژ لەمەوبەر دەستەیەکمان لە ئاسمانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لێیان قەوما و ئەلحەق زۆر بەجوانی ئێمەیان گرتەوە. ئەو کاتەی ڕانەمەڕێکی گەورەمان لە ئاسمانی ئێران لە نێو فڕۆکەی هێڵی ئاسمانیی هومادا بووین، فڕۆکەکە تووشی کێشەی تەکنیکی هات و بە ناچاری لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی ئیمام خومەینی تاران نیشت. وەک لە کابینی فڕۆکەوانەکاندا باس دەکرا، بڕیار بوو بۆ وڵاتانی عەڕەبی باشووری کەنداوی فارسمان بەرن. هەرچەند وەرزەکە وەرزی قوربان نییە و بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا هەر ئەم قوربانیکردنە بەکۆمەڵە لە ساڵانی پێشوو کەم ڕەنگتر بووەتەوە، سەرەڕای ئەمەش چونکە ئێران و سعوودیە لە ناوچەکەدا لەبەر یەکن و ئێمەش بڕیارە لەوێ تووشی کۆمەڵکوژی بین، دیارە بە گوێرەی عورفی سیاسەت کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دۆستی ئێمەیە. ئەلحەق و ئینساف کۆماری ئیسلامی بەردەوام حەزی لە مەڕ بووە.

سەرتان نەهێشێنم ئەو کاتەی فڕۆکەی هەڵگری ئێمە لە فڕۆکەخانەی ئیمام خۆمەینیی تاران نیشتەوە، بە ڕێز و ئیحترامێکی زۆرەوە دایانبەزاندین و بێئەوەی داوای پاسپۆرت و ڤیزامان لێبکەن، بە دەوری فڕۆکەخانەکەدا بڵاویان کردینەوە. ئەلحەق دەسەڵاتی ئێران بە هەموو شێوەیەک مەڕگرە، یانی ئەگەر میوان مەڕ بێت، میوانگرە. لەم ماوەیەدا یەکدوو سەر مەڕ کە دونگیان باریکتر و وەک من حەپەنگ نەبوون و زیاتر سەریان لە سیاسەت دەخورا، هێندێک وردەباسی سیاسییان وروژاند. ئاخر ئەوان دوونگیان باریک و هەڵسووڕتریش بوون، هەر بۆیە لەماوەی ئەم سێ ڕۆژەدا هەتا مەکینەی فڕۆکەکە دروست کرایەوە، هەر بەملاوبەولادا خولانەوە و مەعلوومات و زانیارییان کۆکردەوە. وەک قسەی ئەوان بێت، ئێمە لە تورکیاوە بۆ باشوری کەنداو دەبرێین و دیارە هەرچۆنێک بێت لەوێ سەرمان دەبڕن و دەمانخۆن. بەڵام برادەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر ڕێزیان گرتین. وەک مەڕە دونگە باریکەکانی خۆمان دەیانگوت زستانی ڕابردوو، فڕۆکەیەک لێرەوە بەرەو ئۆکرانیا فڕیبوو، کراوەتە ئامانجی دوو مووشکی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی و بە سەرنشین و بەرنشینەوە تێدا چووە.

مەڕە دونگە باریکترەکان دەیانگوت فڕۆکە ئۆکرانییەکە ١٧٦ کەسی تێدا کوژراوە کە زۆربەیان ماموستای زانکۆ و دکتۆر و ئەندازیار بوونە.

هەر مەڕە دونگە باریکترەکانی خۆمان بە گوێی یەکتریاندا دەچرپاند: خۆزگە بەخۆمان ماموستا و ئەندازیار و دکتۆر نین و ئەوان کە خۆیان بە زاناتر دەزانی شانازییان بەم "مەڕبوون"ـەمان دەکرد.

# ساڵی ٢٠٢٠، ساڵێکی زۆر خراپ بووە بۆ ئێران و کۆرەی باکوور

**ئۆرشەلیم پۆست – یوناح جێرێمی باب**



و: کەماڵ حەسەنپوور

ڕیزگریی سەربازیی، مووشەک و پڕووشەی کاغەزیی ڕەنگاوڕەنگ لە وێنەدا جوانن، بەڵام تەنانەت دوو مانگ پێش کۆتایی ئەمساڵ، شتێکی ئاشکرایە کە ئێران و کۆرەی باکوور لە ساڵی ٢٠٢٠ ساڵێکی زۆر خراپیان بەڕێ کردوە.

هەردوو پیونگ یانگ و تاران لە بەربەرەکانی دژی وڵاتە یەکگرتووەکان ناچار بە پاشەکشە کراون و، لەبەر ئەو هۆیە ئاسایشی ئیسڕائیل کەمێک باشترە.

بڕیاری کیم یونگ ئون، ڕێبەری کۆرەی باکوور، لەمەڕ نیشاندانی مووشەکێک لە کۆتایی حەوتووی ڕابردوودا، کە وێدەچی مەزنترین مووشەکی ویشکارۆبەزێنی بالیستیکی بێ کە لە ڕیزگریی سەربازییدا نیشان دراوە، شتێک لە مەسەلەکە ناگۆڕێ.

دەکرێ دوو ئاکامگیریی لە ڕیزگرییە سەربازییەکە، لە پێوەندیی لەگەڵ پرسی کۆرەی باکوور – وڵاتە یەکگرتووەکان و یەکیش لە پێوەندی لەگەڵ پرسی ئێران – وڵاتە یەکگرتووەکان – ئیسڕائیل، بکرێن. هەموویان لە کۆتاییدا دەرخەری لاوازیی ڕێژەیی کۆرەی باکوور و ئێران لە هەلومەرجی ئێستادان.

یەکیان ئەوەیە کە کۆرەی باکوور لە ٢٠١٧ بەولاوە توانایی بە ئامانج گرتنی وڵاتە یەکگرتووەکان بە مووشەکێکی خاوەن کلاوی ناوەکیی هەیە، ئێستا لەوانەیە بتوانێ مووشەکێک باوێ کە چەند کلاوی ناوەکیی هەن.

ئەوە بەو مانایەیە کە ئەگەر وڵاتە یەکگرتووەکان هیوادار بوو بتوانێ بە کەڵک وەرگرتن لە سیستەمی THAAD و توانایی دیکەی دژە مووشەکیی هێرشی مووشەکی لە باکوورەوە بوەستێنێ، لەوانەیە ئێستا دژوارتر بێ بتوانێ خۆی لە بەرانبەر هێرشێ هاوکاتی چەند مووشەکی خاوەن کلاوی ناوکی بپارێزێ.

بەڵام بە شێوەیەک، تەنانەت ئەوەش شتێکی تازە نییە، چونکە گریمانە دەکرا کە کیم لە ٢٠١٧ بەولاوە چەند دەرزەن چەکی ناوکیی هەبن. ئەوە بەو مانایەیە کە یەکەم ئاکامگیریی ئەوەیە کە کۆرەی باکوور ئەوپەڕی، سەرکەوتنێکی تاکتیکیی بچووکی وەدەست هێناوە. کەوابوو ئەگەر جەنگێکی هەمەلایەنە دەست پێ بکا، کۆرەی باکوور لە وەڵامی هێرشی وڵاتە یەکگرتووەکاندا، لە جیات هاویشتنی مووشەکێک و چەکێکی ناوکیی، لەوانەیە ئەو ڕێژیمە تاوانکارە بتوانێ بە مووشەکێک وەڵام بداتەوە کە چەند چەکی ناوکیی لێ بار کراون.

ڕەنگبێ کیم، پێش کۆتایی حەوتووی ڕابردوو موشکیلەی هاویشتنی چەند چەکی ناوکیی لە یەک کاتدا و لەئەگەری کەوتنە بەر هێرشی ئاسمانی یا فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای هەبووبێ.

ئاکامگیریی دووهەم ئەوەیە کە چ شتێک نەقەوما: هیچ تاقیکارییەکی ناوکیی نەکرا. نەبوونی ئەو تاقیکارییە "کیم"ی لاواز نیشان دا و، ئەوە گەلێک گرینگترە. ئەوە بە زەرەری کیم تەواو دەبێ و ئاشکرای دەکا کە چ ساڵێکی خراپ بووە بۆ کۆرەی باکوور.

بۆچی ئەوە گرینگە؟ بە هۆی ئەو شتەی کە پێش ٢٠٢٠ ڕووی دا.

٢٠٢٠ بە شکستی کیم لە ئاشکرا کردنی سورپڕایزێکیترسێنەر لە کریسمەسی ٢٠١٩، بۆ زەخت خستنە سەر وڵاتە یەکگرتووەکان دەستی پێ کرد، بە هەمان شێوە هەڕەشە زێدەڕۆیانەکانی لە ژانوییە کە هەرگیز ئاسەوارێکیان لێ نەبینرا.

زۆر کەس پێیان وابوو کیم پەنا بۆ بۆمبێکی ناوکیی نوێ دەبا تا گوشار بخاتە سەر بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی نەرمتر لە دانوستانە ناوکییەکان بگرێتە بەر. بەڵام وێدەچی ترس لە تۆڵە کردنەوەی ئەمریکا، هەموو ڕیسەکانی لەو هەڕەشە و گوڕەشانە لێ کردبنەوە خوری. ئەوە لە کۆتاییدا وا دەکا تا ڕیزگری و نیشاندانی مووشەکی زەبەلاحی نوێ وەک ڕاسانێکی ڕووکەشی بێتە بەرچاو.

لە پێوەندیی لەگەڵ ئاکامگیریی سەبارەت بە ئێران، مێژوویەکی کۆنی هاوبەشیی تێکنەلۆژیی مووشەکیی ناوکیی لە نێوان تاران و پیونگ یانگ هەیە. پێش ئەوەی کە جان بۆڵتۆن ببێتە ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ترامپ، لە ٢٠١٧ لە ئۆرشەلیم پۆستدا باسی ئەوەی کرد کە کۆرەی باکوور دەتوانێ هەر کات بیهەوێ مووشەکێکی ناوکیی ئامادە "بە پارە" بدا بە ئێران. ئەو ئیددیعایە لە مانگی سێپتامبر لە لایەن کاردەبەدەستێکی وڵاتە یەکگرتووەکان، کە نەیویستوە ناوەکەی ئاشکرا بێ، پشتڕاست کراوەتەوە.

بەڵام، وێدەچێ لێدوانی کاربەدەستە نهێنییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان زۆرتر هەوڵێک بێ بۆ بیروڕای گشتی بۆ پشتیوانی کردنی گەڕاندنەوەی گەمارۆکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە ناوی "مێکانیزمی پەلەپیتکە" بۆ سەر ئێران تا هەڕەشەیەکی سەربازیی ڕاستەقینە.

یەکەم، ئیددیعای کاربەدەستە نهێنییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان هۆشدارییەکی سەیروسەمەرەی لە بارەی دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوەکیی لە ٢٠٢٠ بڵاو کردەوە، ئەگەرچی هیچ کەس لە کۆمەڵگەی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئیسڕائیل ئەو هەواڵەی بە جیددی وەرنەگرت.

ئەوە ڕاستە کە ئێران دەتوانێ هێندە ئۆرانیۆم بپیتێنێ کە بۆ چەکێکی ناوکی بەس بێ، بەڵام ئەو شتە لە مانگی مارس بەولاوە زانراوە، و ئێران هێشتا پێویستە گیروگرفتی تەقاندن و هاویشتنی چەکێکی ئەوتۆ جێبەجێ بکا. لە کاتێکدا کە پاراستنی ئابلۆقەی چەکوچۆڵ بۆ گوشار خستنە سەر ئێران بە گشتی و سنووردار کردنی چەکوچۆڵی ئاسایی ئەو وڵاتەش پێویستە، ئەوە لە ڕوانگەی چەکی ناوکییەوە پرسێکی زۆر مەزن نییە.

لەوە زیاتر، کاربەدەستە نهێنییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکان، بۆ ئەوەی گۆمەکە قووڵتر بکا، وشەی "کۆرەی باکووری"یشی زیاد کرد، بێ ئەوەی کە بتوانێ بەڵگەیەک پێشکەش بکا.

لە تیۆریدا، لەوانەیە کۆرەی باکوور بە نهێنی یارمەتی بە تواناییەکانی ئێران بۆ بەرهەمهێنانی کلاوی ناوکیی بۆ یەکێک لە ژمارەیەکی زۆر لە مووشەکە بالیستیکییەکانی ئەو وڵاتەی کردبێ. بەڵام هەر وەک کاربەدەستانی هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسڕائیل و پسپۆڕانی ناوکیی دەرەکیی گوتوویانە، ئەو هاوکارییە دوای بڕیاری ئێران بۆ هەڵبژاردنی ڕێبازێکی تیکنیکیی جیاواز و هەڵبژاردنی گەشە پێدانی تێکنۆلۆژیی نێوخۆیی، کۆتایی پێ هات.

ئەو دوو وڵاتە هێشتا پێکەوە هاوکاری دەکەن، بەڵام ئەو سێناریۆیەی کە کۆرەی باکوور یارمەتیی ئێران بکا تا بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو تواناییەکانی پەرە پێ بدا، لە لایەن هیچکام لەو کاربەدەستانەوە بە جیددی وەرناگیرێ. ئەوە زۆرتر لەبەر ئەو هۆیەیە کە ئێران دەیهەوێ بۆخۆی وەستای هەموو بڕگەکانی چەکەکان بێ و پێویستی بە یارمەتیی کۆرەی باکوور نییە. لە جیاتان، ئەگەری جووڵەی ئێران بەرەو چەکی ناوەکیی بڕیارێکی سیاسییە.

ئەو بێ گومان توانایی پیتاندنی ئۆرانیۆمی هەیە و وێدەچێ بەشێک لە پرسە تایبەتییەکانی جێکردنەوەی کلاوەیەکی ناوکیی لە سەر مووشەکێکی بالیستیک بە بێ یارمەتی کۆرەی باکوور چارەسەر بکا.

جگە لەوە، ئێران دەیان ساڵە مووشەکی بالیستیکی هەن کە بتوانن بگەنە ئیسڕائیل. کەوابوو تەنیا شتێک کە کۆرەی باکوور بە ڕاستی بتوانێ بیدا بە ئێران، توانایی هەنگاوتنی وڵاتە یەکگرتووەکانە. ئاکامگیرییەکە بۆ ئیسڕائیل ئەوەیە کە ئەو مەترسییەی ئێران لە سۆنگەی کار لەگەڵ کۆرەی باکوور دەتوانێ ئاراستەی بکا هەر وەک ئەو مەترسییەیە کە بۆخۆی بە تەنیا دەتوانێ بیکا.

بەڵام تا ئێستا هیچ لایەنێک چەکی ناوکیی ئامادەی نەداوە بە ئێران، ئەگەر چی پاکستان و کۆرەی باکوور دەتوانن هەرکات بیانهەوێ ئەو کارە بکەن.

ئابلۆقەی چەکوچۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئێران حەوتووی داهاتوو کۆتایی پێدێ، بەڵام هیچ کەس بە جیددی باوەڕ ناکا کە ئابلۆقەیەکی ئەوتۆ توانیبێتی پێش بە پاکستان یا کۆرەی باکوور بگرێ کە تێکنۆلۆژیی ناوکیی بدەن بە کۆماری ئیسلامیی، ئەگەر ئەوان بڕیاریان دابا ئەو کارە بکەن.

تەنیا ڕێگای پێشگرتن بەو کارە هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان، ئیسڕائیل و هاوپەیمانان و توانایی چاودێریی سەربازییە. بەڵام ئێران بڕیاری هەنگاونان بەرەو دروست کردنی چەکی ناوکیی لە ٢٠٢٠ نەداوە و هیچ نیشانەیەک نابینرێ کە ئەوان بیانهەوێ کارێکی ئەوتۆ بکەن.

لە ڕاستیدا، لە مانگی مای بەولاوە یا ڕەنگبێ مانگی مارس، ئێران گەشە پێدانی بەرەو چەکی ناوەکیی وەستاندوە. ئەو لە ٢٠٢٠ لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە و هەر وەها لە لایەن ئیسڕائیلەوە چاوترسێن کراوە و جگە لەوە قەیرانی پەتای کۆرۆناش کاریگەریی هەبووە.

ساڵی ٢٠٢٠ لە مانگی ژانوییە بە کوشتنی فەرماندەی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی، لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە دەستی پێ کرد. سەرچاوەکانی نزیک لە سەرۆکی موساد، یوسی کۆهەن، پێشدا بە گۆڤاری ئۆرشەلیم پۆستیان گوتوە کە جێگرەوەی سولەیمانی، ژەنڕاڵ ئیسماعیل قائانی، وەک ئەستێرەیەک یا هەڕەشەیەکی مەزن لە ئاستی فەرماندەی پێش خۆی سەیر ناکرێ. قائانی دەیان ساڵ وەک پاشکۆ و کەسێکی پشتیوانی سولەیمانی بووە بەڵام کەمتر شارەزایی لەسەر ئۆپەراسیۆنەکانی ئیسڕائیل و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست هەیە.

لە کۆتایی حەوتووی ڕابردوودا، سەرۆکی لێکۆڵینەوەی سیخوڕیی هێزە بەرگریکارەکانی ئیسڕائیل، درور شالۆم، کە قەرارە دەست لە کارەکەی بکێشێتەوە، بۆ یەهودی ئاخرۆنۆتی پشتڕاست کردەوە کە تەنانەت ١٠ مانگ دوای کوژرانی سولەیمانی، قائانی نەیتوانیوە وەک ناوبراو ببێتە مەترسی.

لەوە زیاتر، ئەگەرچی ئیسڕائیل بە توندی کەوتە بەر هێرشی کۆرۆنا، بەڵام ئێران و بەرنامە ناوکییەکەی خراپتر تووش بوون.

ڕۆژی یەکشەممە، ئێران پشتڕاستی کردەوە کە سەرۆکی ڕێکخراوی ناوکییەکەی تووشی کۆرۆنا بووە و، تا ئێستا پتر لە نیو میلیۆن کەس لە هاووڵاتییانی گیرۆدە بوون و دەیان هەزار کەسیش بەو پەتایە مردوون، و وێدەچێ ئەو ژمارانە کەمتر لە ڕێژەی ڕاستەقینە بن.

هەر لە مانگی مارس، سەرچاوەکانی هەواڵگریی ئیسڕائیل بە ئۆرشەلیم پۆستیان گوت کە بە هۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا، ئێران ناتوانێ خێرایی پێشووی لە پیتاندنی ئۆرانیۆم و چالاکییەکانی دیکەی پێوەندیدار بە پرۆگرامی ناوکییەکەی بپارێزێ.

سەرچاوەکان گوتیان ئێران یەکێک لەو وڵاتانەیە کە بە توندترین شێوە کەوتۆتە بەر شاڵاوی قەیرانی کۆرۆنا، و هیچ شوێنێکی وڵات یا بەڕێوەبەرایەتییەکەی، لە نێویاندا پسپۆڕانی ناوکیی ئێران، لەو پەتایە پارێزراو نەبوون.

لەبیرمانە تا کاتی کۆرۆنا لە مانگی مارس، لە هەموو ماوەی کەمپەینی ئابلۆقەکانی "ئەوپەڕی زەخت"، ئەگەرچی جێ پێی ئێران لە لوبنان و حیزبوڵڵا لەرزۆکتر بووبوو، بەرهەمە ناوکییەکەی و پێشێلکارییەکانی بە کردەوە زیاتر ببوون.

بە پێچەوانە، کۆرۆنا مەسەلەیەکە کە گوێ ناداتە هەوڵەکان بۆ سنووردار کردنی ئاسەوارەکانی. لە هەموو شوێنێک کە مرۆڤی لێن، و زانستکارانی ناوکی هێشتا شاکلیلەی گەشە پێدانی پرۆگرامی ناوەکیین، دەشێ گیرۆدەی ئەو پەتایە بن و پرۆگرامەکە خێراییەکەی کەم بێتەوە.

بەڵام تەنانەت دوای مانگی مای ٢٠٢٠، کۆماری ئیسلامیی درێژەی بە پەرەپێدانی کەڵکوەرگرتن لە سانتریفیوژی پێشکەوتوو دەدا، کە هەمیشە فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بوون و لەوانە بوو ئیزن بدەنە ئایەتوڵڵاکان کە قەڵەمبازێک بەرەو تێپەڕ بوون لە چوارچێوەی کاتیی چاوەڕوانکراو بۆ پیتاندنی ئورانیۆم بهاوێن.

ئەوسا هاوینی ٢٠٢٠ی کارەساتبار و ئابڕووبەرانەی ئێران، کاتێک کە دەرزەنێک تەقینەوە لە بنکەکانی ئێران، کە وێدەچێ چەند دانە لەوان پێوەندییان بە بەرنامەی ناوکییەوە هەبێ، گەیشتە جێ. لە ٢ی مانگی جولای، تەقینەوەی نەتەنز پرۆگرامی پێشکەوتووی تاران بۆ پیتاندنی ئۆرانیۆمی دوو ساڵ وەپاش خست، کە لە لایەن سەرچاوەکانی فەرمی و ناحکوومیی پشتڕاست کرایەوە. ئەوە کەرەستەیەکی بەرچاوی ئێرانی بۆ کورتکردنەوەی ماوە بۆ هەنگاونان بەرەو چەکی ناوەکیی، لە چنگ ئەو وڵاتە دەرهێنا.

بێگومان، مووشەکە زەبەلاحەکەی کۆرەی باکوور جێگای نیگەرانییە.

هەواڵگریی ئیسڕائیل و وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێ بۆ پێشگرتن بە نزیکتر بوونەوەی ئێران لە چەکی ناوکی، چ بە توانایی خۆی یا بە یارمەتی کۆرەی باکوور، یا تەنانەت ئەکتەری تاوانکاری پاکستانی، لە هەموو کات زیاتر لەسەر هەست بن. بەڵام لە ٢٠٢٠ هەم کۆرەی باکوور و هەم ئێران لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان شکستیان هێناوە.

ئەوان هەر دوو وەک، ئەگەر نەڵێین بەبری کاغەزی، وڵاتانێک دەرکەوتن کە زۆرتر نیگەرانی چۆنیەتی کاردانەوەی بەرهەڵستکارەکانیان بەرانبەر قووڵتر بوونەوەی دوژمنایەتییەکان بوون تا وڵاتانێک کە لە ڕێگاکانی قووڵتر کردنەوە دوژمنایەتییەکان بگەڕێن.

هیچ وێنەیەکی ڕیز کردنی مووشەکان ناتوانێ ئەو ڕاستییە بشارێتەوە.

***

**ئێران توانایی پیتاندنی ئۆرانیۆمی هەیە و وێدەچێ بەشێک لە پرسە تایبەتییەکانی جێکردنەوەی کلاوەیەکی ناوکیی لە سەر مووشەکێکی بالیستیک بە بێ یارمەتیی کۆرەی باکوور چارەسەر بکا. جگە لەوە، ئێران دەیان ساڵە مووشەکی بالیستیکی هەن کە بتوانن بگەنە ئیسڕائیل. کەوابوو تەنیا شتێک کە کۆرەی باکوور بە ڕاستی بتوانێ بیدا بە ئێران، توانایی هەنگاوتنی وڵاتە یەکگرتووەکانە. ئاکامگیرییەکە بۆ ئیسڕائیل ئەوەیە کە ئەو مەترسییەی ئێران لە سۆنگەی کار لەگەڵ کۆرەی باکوور دەتوانێ ئاراستەی بکا هەر وەک ئەو مەترسییەیە کە بۆخۆی بە تەنیا دەتوانێ بیکا**



# متمانە، بەهایەکی بزربوو لە نێوان خەڵک و کۆماری ئیسلامیدا

سام یارسان

هەرچەند شێوە و مێتۆدگەلێکی جۆراوجۆر بۆ سەقامگیریی کاتی و گەلێک جار درێژماوەی هەر حکوومەتێک وێنا کراوە، بەڵام باشترین و دڵخوازترین مێتۆدەکان بۆ سەقامگیری هەر حکوومەتێک، ئەوەیە کە یاساکان لەسەر بنەمای پێویستی تاکەکانی کۆمەڵگە یان لانی کەم زۆرینەیەکی بەرچاو لە تاکەکانی بێ کە بەرهەمەکەی بەهێزبوونی هەستی ڕەگەڵ کەوتنی خەڵک دەگەڵ سیستمی یاسادانان و ڕەچاوکردنی خۆویستی ڕێوشوێنە یاساییەکان بێ. دیارە هەر لە بنەڕەتدا ئاستی پێڕەوی لە یاسا یەکێک لە سەرەتاییترین و دیارترینی پێوەرەکانی ڕەواییەتی هەر نیزامێکە.

بەم پێیە تەنانەت ئاڵۆزترین و شێواوترین پێکهاتەکانی ئەو حکوومەتەکەش کە لە خەڵکی کۆمەڵگەکەی دوور کەوتۆتەوە و بۆشاییان تێکەوتوە، هەوڵ دەدەن پێکهاتە یاساییەکەیان بەجۆرێک بگۆڕن کە بەشێک لە کۆمەڵگەیان دەگەڵ وەمێنن و ڕەگەڵیان کەون، چونکە دەزانن کە پشت بەستن بە شێوەکانی توندوتیژی و کەڵک وەرگرتن لە هێزی زەبروزەنگیش هەر ماوەیەکە و تێچوویەکی زۆر و قەرەبوونەکراوی دەوێ و هەروەها ئاستی خۆڕاگریی گشتییش بەپێی توندوتیژییەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێ و دەگاتە ئاستێک کە ئیتر خەڵک تاقەتیان نەمێنێ و قەپیلکەی سەبریان سەرڕێژ ببێ، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە هەموو پێکهاتەکە لە گرێژەنە دەرچێ!

لەم نێوەدا یەکێک لەو هۆکارانەی کە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوە تاکەکانی کۆمەڵگە خۆڕاگری زیاتریان هەبێ و بێدەنگ بن تەنانەت پێکهاتە تەواوخوازەکانیش ـ بە تایبەت لە بارودۆخی ناچاریشدا، ئەوەیە کە باوەڕیان وایە کە دەسەڵاتداران هەوڵ بۆ چارەسەری کێشەکان دەدەن و کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێکی باشتر دەبەن و کێشە و ئاریشەکان لە کۆڵ دەکەنەوە. یانی بەو پێیەی کە ڕەواڵی سروشتیی کۆمەڵگە بەهەر هۆیەکی وەک شەڕ دەگەڵ وڵاتێکی دیکەوە بگرە تا دەگاتە ڕووداوی سروشتی یان هەڵەی بەڕێوەبەری و ... هتد، تێک چووبێ، بەڵام ڕای گشتی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە دەسەڵات لە هەوڵی نەهێشتن و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەن. لەمڕووەوە خەڵک بە دان بەخۆداگرتنی زیاترەوە هەوڵ دەدەن کە بەرگەی قۆناغی "تێپەڕین لە قەیرانە" بگرن و هیوادارن کە ئەم قۆناغە کاتی بێ و بەزوویی تێپەڕێ.

هەرچەند ئەگەر ئەم ئاریشانە ڕیشەیان لە ناکارامەیی یان دژایەتی و ناکۆکی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵاتداران لەگەڵ خەڵک و کۆمەڵگە هەبێ، دیارە ئەم هەستە بەرەو کاڵ بوونەوە دەچێ، بەڵام بەهەرحاڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە زۆرینەی هەر کۆمەڵگەیەک لە خانەی بێلایەنی دان و دەستیان بە کڵاوی خۆیانەوە گرتوە با نەیبا، یانی هەرچەند کە دەگەڵ دەسەڵاتداران نین، بەڵام ئەوەندەش دەسەڵات دژ بە بەرژەوەندییەکان نابینن کە دەست بۆ نارەزایەتی و گۆڕینی وەزعەکەوە بەرن، بەڵکوو هەوڵ دەدەن بە قنیات کردنی خۆیان و باوەڕ بە وتەی دەسەڵاتداران، چاویان لە حاند ڕاستییەکان بنووقێنن و کونجی قەناعەت بگرن. بەڵام شتێک کە ئەمڕۆکە لە کۆمارییی ئیسلامیدا دەیبینین کە سیگناڵ و پەیامە دژ بەیەکەکانی بەرپرسان بەجۆرێک لە کۆمەڵگەدا ڕەنگی داوەتەوە کە تەنانەت ساکارترین و گەشبینترین تاکەکانیش ناتوانن قنیات بەخۆیان بێنن کە ئەمەی باسی دەکەن هەمووی ڕاستە و بۆ ئەوە دەبێ باوەڕی پێ بێنن و بە کردەوە لەو شوێنانەی کە دەسەڵات ڕاستەوخۆ توانایی بەسەریدا نەماوە دەیبینین کە خەڵک باوەڕیان بە هیچ کام لە قسە و بەرنامەکانی دەسەڵاتداران نییە و گەلێک جار ڕاست بە پێچەوانەی ئەوەی کە دەسەڵاتداران چاوەڕوانییان هەیە دەجوولێنەوە.

بۆ وێنە لە بازاڕی سەرمایە و بۆرسەدا کە ماوەیەکە بۆتە کۆڕی گێڕانەوەی زۆرێک لە خەڵکی ئێران، خەڵک بە هاندانی باڵادەستترین بەرپرسانی دەسەڵات یانی هەر لە ڕێبەرەوە بگرە تا سەرۆکی دەوڵەت و ... هتد بۆ ئەم بازاڕە بەو هیوایە کە قازانجگەلێکی دوور لە چاوەڕوانی کە خۆی نموونەیەکی بەرچاوە لە خەڵک خەڵەتاندن، هاتوونەتێ و ئەمڕۆکە دەبینن کە بە ڕواڵەت هەرچی کە وتراوە سەرپۆشێکە بۆ دابین کردنی سەرچاوە ماڵییە پێویستییەکانی حکوومەت و ئەمڕۆکە تەنانەت بە دانی زەرەر و زیانێکی قورسیش ناتوانن باقی سەرمایەکانیان بکێشنەوە و ناوە ناوەش هەرکام لە دەسەڵاتدارانی حکوومەتی لە هەر ئاستێکدا هەوڵ دەدەن بە مزگێنی کردنەوە و گۆڕانکاری و هەواڵی خۆش خەڵکەکە هان بدەن لە بازاڕەکەدا بمێننەوە، خەڵکەکەش بە گشتی دەزانن کە ئەم لاف لێدانانە هەر هەموو درۆ و دەلەسەن و مەبەستی ئەوان و دەسەڵات لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا نین.

هەڵبەتە بۆرسەمان وەک نموونە کە باس کردوە تەنیا لەبەر ئەوەیە کە نموونەیەکی گشتگیر و بەرچاوە کە بە گشتی خەڵک لێی تێدەگەن دەنا هەرکام لە ئێمە ئەزموونگەلێکی تاکەکەسی و بەکۆمەڵی جۆراوجۆرمان لەم بوارەدا هەیە کە هەر ئەو هەستی باوەڕ نەکردن و نەبوونی هاوئاهەنگی بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات و خۆمانە کە تێیگەیشتووین.

بۆوێنە بازاڕی ئوتومبیل کە بە نرخی یاسایی دۆلار، قەدەغەی هێنانی ئوتومبیل و ناچار کردنی خەڵک بە کڕینی سەیارە نێوخۆییەکان بۆتە هۆی بازاڕێکی ناڕاست کە خەڵک ناچارن سەیارە کۆن و لە ڕمێن کەوتووەکان بە نرخی سەیارە نوێ و باشەکانی جیهان بکڕن و بفرۆشنەوە، بە کورتی ئەم قەباڵەبازی و ڕانت خۆرییە دەبێتە هۆی سەپاندنی تێچوویەکی زیاتر بە خەڵک و وەدەست هێنانی داهات بۆ چینێکی تایبەت کە ئەمڕۆکە منداڵێکیش دەزانێ بەو پوولەی ئەمڕۆکە دەدرێ بە سەیارەیەکی وەک "ئێل ٩٠"، دەکرێ لە زۆربەی شوێنەکانی جیهان ئوتومبیلێکی بە قیست و بە کەیفیەتی هەرە بەرزەوە پێی بکڕی. هەواڵی سنووردارکردنی ئاستی خستنەڕووی لەلایەن کۆمپانیا نێوخۆییەکان و ئەو بازاڕانەی کە ڕۆژبەڕۆژ نرخی سەیارە دەبەنە سەرێ هێندە زۆرە کە کەس باوەڕ ناکا کە ئەمە ڕەواڵێکی سروشتی بێ و باوەڕ بە کردەوە و قسەی بەڕێوەبەران و دەسەڵات بەدەستان ناکەن کە گران بوونی هاوردە، کاریگەریی گەمارۆکان، پشتیوانی لە بەرهەمی نەتەوەیی و پێشگیری لە بێکاری لە کرێکارانی چالاک لەم بەشەدا بە هۆکاری سەرەکی دێننەوە؛ بە واتایەکی دی متمانەیەکیان لەلای خەڵک نەماوە.

ئەمڕۆکە هەرچەند بێباوەڕی بە دەسەڵات هەموو پانتاییەکی ژیانی کۆمەڵگەی گرتۆتەوە، بەڵام تاقمێک لە باڵەکانی نێو دەسەڵات هەوڵ دەدەن ئادرەسێکی هەڵە بدەن و بە ئیرادگرتن لە مەسەلەن دەوڵەت ــ دەزانین کە دەوڵەت لە پێکهاتەی دەسەڵاتی کۆماریی ئیسلامیدا ڕۆڵێکی ئەوتۆ ناگێڕێ ــ کاردانەوە و پەرچەکرداری کۆمەڵگەی بەرەو وێ ڕاکێشاوە و دەکرێ هێما و نیشانەی لە گاڵتە پێکردن بە قسە و ڕەفتاری سەرۆک کۆمار، جێگرەکەی، سەرۆکی بانکی ناوەندی و وەک ئەوانە ببیندرێ بەو هیوایەی کە ناکارامەیی و متمانەی لەدەست چوویان لە زۆربەی بەشەکانی دەسەڵاتدا پێ داپۆشن، بەڵام تەنانەت گەشبینترین تاکەکانیش دەزانن پانتایی ئەم بێمتمانەییە لە سەروو پیاوانی دەوڵەتی تیمی سەرۆک کوماریيەوەن و زۆری پێ ناچێ کە شاهیدی گاڵتەپێکردن و حەنەک نووسی بۆ بەشەکانی دیکەی چینی دەسەڵاتیش دەبین.

هەرچەند ئێستاکەش زۆرێک لەو کەسانەی بێهەڵبژاردن داندراون یان ئەوەتا بەرپرسانی پێشووی نیزامی زۆر بە توندی کەوتوونە بەر وەها تانەوتەشەر و ڕەخنەیەکەوە. هەڵبەتە ئێستاش سنوورگەلیک لە کۆمەڵگەدا ماون کە بە بچووکترین هەڵەی چینی باڵادەست لەنێو دەچێ و ئەو کاتەی کە بێمتمانەیی گشتیی بە دەسەڵات ئاشکرا بێ، مەودای کومەڵگە تا هەرەس هێنان و لێک هەڵوەشانی پێکهاتەکانی دەسەڵات زۆر زۆر کەم دەبێ و لەوەها بارودۆخێکدا پێکهێنانی کەشێکی متمانەداری دووبارە تەنانەت لە سەردەمی پاش کۆماریی ئیسلامیش کارێکی زۆر ئاڵۆز و دژوارە و کۆمەڵگەیەک کە بیری متمانە و باوەڕ بە کەسانیتر لەودا خەوشدار بووە، سارێژبوونەوە و چارەسەر کردنی کاتی زۆری دەوێ.

خاڵێکی بەئازار و جێی سەرنج لەم باسەدا ئەوەیە کە هەرچەند بەشی زۆری خەڵک لانی کەم کە لە چینی بێلایەنی کۆمەڵگە نین، دەزانن ترس و نیگەرانیی کۆماریی ئیسلامی و هەوڵی لەسەر مشتومڕ و دژایەتی دەگەڵ ئامریکا و ئیسرائیل و بڵاوکردنەوەی ئایدیا و بیرۆکەی حکوومەتی شیعی، لەبناغەڕا بە هیچ جۆر لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خەڵک یەک ناگرنەوە، بەڵام لەگەڵ تەواوی ئەم تاریفانەدا لانی کەم لە دەوروبەری ئەم چینی دەسەڵاتدارە کەسانێک هەڵ ناکەون کە بەرچاوڕوونی و زانیارییەکی ئەوتۆیان لەسەر بیروڕای گشتیی کۆمەڵگە هەبێ و پێیان بڵێن کە ئاگایان لە قسەکردنیان بێ و بە دانی دروشمگەلێکی بێبنەما، ئەوەندە متمانەیەشیان کە ماوە لەدەستی نەدەن.

بە شێوەیەکی گشتی لە تەواوی پێکهاتەی دەسەڵاتداراندا ــ چ پیاوانی دەوڵەتی و چ ئەوانەی بێهەڵبژاردن داندراون ــ کەسێک نییە بێ و بە سەرۆک کۆمار بڵێ: کاتێک دەزانی لە بارودۆخی قەیراندایین، هەر لەخۆڕا دەم لە کرانەوەی ئابووری مەدە و باسی مەکە یان قسە لە بانگەشەی بەربڵاو لە پێدانی یارمەتیی مانگانە شەست هەزار تمەن بۆ چل میلوێن کەس و سەد و بیست هەزار تمەن بۆ بیست میلوێن کەس مەکە. ئەم هەواڵە ئەوە دەردەخا کە سێ لەسەر چواری خەڵکی وڵات پێویستییان بە یارمەتییەکی ڕۆژانە بە قەرا یەک یان دوو نان سەنگەکی هەیە. ئەگەر قووڵایی کارەساتەکە هێندە بەربڵاوە، تکایە بە شاراوەیی و بەبێ چەق و هەرا و هوریا ئەنجامی بدەن کە هەموو بەوە نەزانن کە لە نێوان دروشمی نەبوونی کاریگەریی گەمارۆکان و ئامانجە ناڕاستەکانی دژایەتی و مشتومڕ دەگەڵ ئامریکایەکەتان و بارودۆخی کۆمەڵگە چەندە بۆشایی هەیە. یان ئەوەتا بە ئەندازەی سەرە دەرزییەک گومان و هەبێ کە وێ دەچێ زۆربەی ئەوانەی کە چاو لە دەستی کڕینی نانی ڕۆژانەیانن بکەونە گومانەوە کە بۆچی ئێمە لە نێوان زیاتر لە دووسەد وڵاتی جۆراوجۆری دونیایە، دەبێ تەنیا وڵاتێک بین کە بکەوینە بەر ئامانجی گەمارۆ یان پەیامی شەڕ دەگەڵ وڵاتێکمان هەبێ کە وڵاتەکانی دیکە کێشەیەکی ئەوتۆیان دەگەڵیدا نییە. تەنانەت لەمەڕ ئیسرائیل کە باڵادەستییەکەی بە داگیرکردنی وڵاتانی ئیسلامی و عەڕەبی دەزانن، عەڕەبەکان بۆخۆیان دەستیان بە ڕەواندنەوەی گرژی و ئاڵۆزی کردوە کەچی ئێمە کە بۆ زیندوومانەوەمان پێویستیمان بە یارمەتییەکی کڕینی ڕۆژانەی نان هەیە، لەسەرمانە شەڕی دەگەڵ بکەین ئەویش لە بارودۆخێکدا کە لە تەواوی زیاتر لەم چل ساڵەدا هیچ جۆرە هەنگاوێکی ئەرێنی و کردەکیمان لەم بوارەدا هەڵنەهێناوەتەوە و تەنیا دروشممان داوە!

خۆزگە بەردەنگ و خوێنەری ئەم دەقە دەسەڵاتدارانی کۆماریی ئیسلامی بان کە تا درەنگتر نەبووە پێشگیرییان لە وردکردنی زیاتری سنووری متمانە و ئەرخەیانیی کۆمەڵگە بکردایە و متمانەیان بۆ کۆمەڵگە بگێڕابایەوە، بەڵام هەروەکوو ئەوەی کە ئەمڕۆ لە کۆمەڵگەدا دەیبینین ئارەزوویەکی دوور لە هەوێڵە و ڕەنگە واباشترە وەبیر خۆمان بێنینەوە کە نەبوونی متمانە بە دەسەڵاتداران بە مانای نەبوونی متمانە بە خۆمان و وەکی خۆمان نییە و وەبیر خۆمان و دەوروبەرمان بخەینەوە و پێیان بڵێین کە دەبێ لە هەموو شتێک زیاتر متمانەمان بە خۆمان و هاوبیرەکانمان هەبێ و ئەم نەبوونی متمانەیە بە دەسەڵاتداران کە دەبێ بڕۆن و نەمێنن، ڕووی لە خۆمان نەکەینەوە و نەیگشتێنین.

وەرگێران لە فارسییەوە: باوکی ژیار



# ئێعدام وەک چەکی سەرکوت و زەبروزنگی کۆماری ئیسلامی

## (ڕاگەیاندنی هاوبەشی ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**کۆڕ و کۆمەڵە مافی مرۆڤی و پشتیوانیکار لە زیندانییانی سیاسی!**

لەو ڕۆژەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شۆڕشی نەتەوەکانی ئێرانی ڕەوگیر کرد و دامەزرا، ئێعدام وەک کولتوورێکی سیاسی کۆمەڵایەتیی ئەو سیستەمەی لێ هات و هەموو ئەو کەسانەی بەجۆرێک بە دژی ئەو ڕێژیمە دەوەستانەوە یان بەرهەڵستی دەبوونەوە لەسێدارە دران. تیرباران و ئێعدامی لاوانی کورد بە دەستی سادقی خەڵخالی، نێردەی تایبەتی ئاغای خومەینی بۆ کوردستان لە ساڵەکانی ١٣٥٨، ئێعدامی ٥٩ لاوی مهابادی لە ساڵی ١٣٦٢ دیمەنی چەند کارەساتێکی بەکۆمەڵی دیاردەی ئێعدام بۆ کورد لە ئێران وێنا دەکا.

بەرپرسانی قەزایی لە ئێران بە پاساوی جۆربەجۆری قەزایی و بەناوگەلی ئیسلامیی وەک "محارب"، "بەغی" و "مفسد فی الارض" هەروەها بۆ پێش گرتن لە دیاردە دزێوەکانی کۆمەڵگە تەنیا لە حوکمی سێدارە کەڵک وەردەگرن و هیچ ڕێگایەکی دیکەی چاکسازی وەک وڵاتانی پێشکەوتوو نابینن. واتە "یاسای سزای ئیسلامی" بۆ زۆرێک لە تاوان و تۆمەتەکان دەبێتە پێوەر و کاری پێ دەکرێ. بە پێی ئامارە جیهانی، ئێرانی و کوردستانییەکان ڕێژەی ئێعدام کردن لە ئێران لە چاو هەموو وڵاتانی گەردوون(بێ لە چین لە بواری حەشیمەتییەوە) پلەی یەکەمی وەبەر دەکەوێ و لەم نێوەشدا و لەنێو وڵاتی فرە پێکهاتەی ئەتنیکی ئێران بەداخەوە کورد زیاترین سزای ئێعدامی بەسەردا دەسەپێ، بەجۆرێک کە دەتوانین بڵێین ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتەنیا نزیکەی سەتا ١٠ی سەرجەم ئێعدامییەکانی جیهانی وەبەر کەوتوە.

بەپێی ئامارەکانی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان (چاونیوز)، لە شەش مانگەی یەکەمی ساڵی ١٣٩٩ لە کوردستان ٢٢ کەس بە تۆمەتی جۆراوجۆر و لەوانەش ٤ کەسی سیاسی لە زیندانەکانی ئێران لەسێدارە دروان. هەر بە پێی ئەو ئامارانە تەنیا لە بەندیخانەی ناوەندی شاری ورمێ لە ساڵی ١٣٧٠ی هەتاوییەوە هەتا ١٣٩٨، ٥٢ کورد بە تۆمەتی کاروچالاکیی سیاسی و ئەندامەتی لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لەسێدارە دراون. هەر لەمساڵدا لانیکەم دوو "منداڵ تاوانبار" بە ناوەکانی شایان سەعیدپوور و سینا محەمەدی لەسێدارە دران، ئەگەرچی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی خۆی کۆنڤانسیۆنی مافی منالانی واژۆ کردوە بەڵام هەموو بەها و پرەنسیپە ئەخلاقی و جیهانییەکانی دەخاتە بەرپێی بەرژوەندییەکانی خۆی. هەر ئێستا چەندین کەسی کورد لە دالانەکانی بەندیخانە پیس بووەکان بە ڤایرۆسی کۆڕۆنا چاوەڕێی جێبەجێ کردنی حوکمی ئێعدامن، بەجۆرێک ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە مانگی ڕابردوودا داوای ڕاگرتنی هەرچێ خێرای حوکمی سێدارەی محێدین ئیبراهیمی و شاکر بێهرووزی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەکا، کە بە تاوانی ساختە و پڕ لە قین، حوکمی سێدارەیان بەسەردا سەپاوە.

ئێمە لە ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕۆژی ١٠ی ئۆکتۆبەر(١٩ی ڕەزبەر)ی ١٣٩٩ی هەتاوی، کە بە ڕۆژی بەرەنگاربوونەوە بە دژی سزای ئێعدام پێناسە کراوە دەکەینە بەهانەیەک بۆ مەحکوم کردنی جارێکی دیکەی سزای ئێعدام لە کوردستان و داواکارین لە سەرجەم ناوەندە داکۆکیکارەکانی مافی مرۆڤ و هەموو ئەو لایەنە جیهانیانەی بە دژی سێدارە چالاکی دەکەن، گوشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامی ئێران بەڵکوو واز لە ئێعدام بە تایبەت سێدارەی کەسانی سیاسی و جیابیر بێنێ.

**ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان**

**١٩ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی**
**(١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٠ی زایینی)**

# لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی

## (پێویستیی پلاندانانی ستراتیژیک )



و: مەنسوور مرووەتی

**هەر وەک لە ژمارەکانی پێشدا باس کرا و لە ژمارەکانی داهاتووشدا وەک زنجیرە باس بەرچاوتان دەکەوێ، لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی ناوی توێژینەوەیەکی "جین شارپ"، بیرمەندی ناوداری بواری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژە. شارپ ساڵی ١٩٢٨ لە ئۆهایۆی ئامریکا لەدایک بووە، دوکتۆرای فەلسەفەی سیاسیی بووە و جیا لە مامۆستایەتی لە زانکۆکانی ئامریکا، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر خەباتی ناتوندوتیژ سەردانی زۆر وڵاتی کردوە و تەنانەت زۆر جاریش بۆ پەروەردەکردنی خەڵک سەری لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو هەڵێناوە و لەوە گرینگتر لە چەند وڵاتێک خۆی گەیاندووەتە ریزی پێشەوەی نارازییان و تێکەڵ بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە بووە. کاکڵی ئیدەکانی جین شارپ ئەوەیە کە ''دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵی و ملکەچیی خەڵکەوە وەدەست دێنن، ئەگەر خەڵک ئاوا ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران نەبن دەتوانن دیکتاتۆرەکان بە چۆکدا بێنن یا دەنا مەجبوور بە ئاڵوگۆڕیان بکەن.''**
**لەم زنجیرە باسەدا باس لە بنەما فیکرییەکانی "جین شارپ" بۆ خەبات دژی دیکتاتۆری دەکرێ:**

بۆ ئەوەی بتوانین بە شێوەیەکی ستراتیژیک بیر بکەینەوە، گرینگە چوار دەستەواژەی بنەڕەتی ڕوون کەینەوە.

ستراتیژیی گەورە چەمکێکە بە مانای هەماهەنگ کردن و هاوتەریب کردنی کەڵک وەرگرتن لە هەموو سەرچاوەکانی (ئابووری، مرۆیی، ئەخلاقی، سیاسی، ڕێکخستن و هتد) کە لە لایەن گرووپێک کە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان تێدەکۆشن، بە کار دەبرێ.

ستراتیژیی گەورە سەرنجی خۆی لەسەر ئامانجی گرووپ و سەرچاوەکانی ئەو ململانێیە چڕ دەکاتەوە و لە سەر کەڵک وەرگرتن لە باشترین شێوازی خەبات (شەڕی چەکداری یان خەباتی ناتوندوتیژ) بڕیار دەدا.

لە پلاندانانی ستراتیژیی گەورەدا ڕێبەرانی بزووتنەوەکە دەبێ ئەو چالاکی و فشارانەی کە دەبنە هۆی شکستی دوژمن هەڵسەنگێنن و بۆ ئەوانە پلانیان هەبێ. لە گەڵ ئەوەشدا ستراتیژیی گەورە ئەو بڕیارانە لە خۆ دەگرێ کە هەلومەرج و کاتی لەبار دیاری دەکا کە لەودا جموجۆڵە سەرەتاییەکان دەست پێ دەکەن و درێژەیان دەبێ.

ستراتیژیی گەورە چوارچێوەیەکە بۆ هەڵبژاردنی ستراتیژییە کەم مەوداکان بە مەبەستی بردنە پێشی خەبات. ستراتیژیی گەورە لە هەمان کاتدا شێوازی دابەش کردنی کار و ئەرکەکان لە نێوان ئەندامانی گرووپ بۆ کەڵک وەرگرتنیان لە خەبات دیاری دەکا.

ستراتیژی دیتنەوەی باشترین شێوازی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو لە خەباتدایە کە لە چوارچێوەی ستراتیژییەکی گەورەدا جێ دەگرێ. ستراتیژی ئەوەش دیاری دەکا کە، کەی و چۆن شەڕ بکەین و بە چ شێوەیەک زۆرترین دەسکەوتمان هەبێ. ستراتیژی لەگەڵ ئەوەی لە مێشکی هونەرمەندێکدایە بەراورد دەکرێ و لە هەمانکاتدا پلانی ستراتیژیک نەخشەی داڕێژراوی دەستی ئەندازیارێکی ئاوەدان کردنەوەیە.

ستراتیژی لەوانەیە هەندێ چالاکی لە هەلومەرجێکی لەباردا لەخۆی بگرێ کە لەودا ڕکەبەرەکەی بکەوێتە دۆخێکەوە کە ئەگەر دەست بە بەرپەرچدانەوەی ئاشکرا بکا، تێیدا شکست بخوا. واتە وای لێ بێ کە بەبێ دژکردەوەی ئاشکرا بەچۆکدا بێ. ستراتیژی هەروەها هەندێ شت لە خۆ دەگرێ بۆ دوای سەرکەوتن کە چۆن بە باشترین شێوە کەڵک لەو سەرکەوتنە وەربگرن.

تانوپۆی پلانی ستراتیژی لە ڕەوتی خەباتدا، ئیدەیەکی بنەڕەتییە لە سەر ئەوەی کە خەبات چۆن پەرە بستێنێ و لایەنە جیاجیاکانی چۆن پێکەوە هەماهەنگ بن تا بە بەشدارییەکی بەسوود بە ئامانج بگەن. ئەم بابەتە چۆنیەتیی ئامادەکردن و ڕێکوپێک کردنی گرووپە چکۆلەکان بۆ عەمەلیاتیش لەخۆ دەگرێ. پلاندانان بۆ ستراتیژییەکی ژیرانە لە پێویستییەکانی سەرکەوتن لە تیکنیکی خەباتدایە. تیکنیکەکان حەوجێ و پێویستییەکانیشیان جیاوازن. بێگومان تەنیا دابین کردنی «پێداویستیەکان» بۆ دڵنیابوون لە سەرکەوتن بەس نییە. ڕەنگە هەندێ فاکتۆری دیکەش پێویست بن.

بۆ داڕشتنی ستراتیژییەکان، دێموکراتەکان دەبێ ئامانجی خۆیان بە ڕوونی دیاری بکەن و لەسەر چۆنیەتیی هەوڵ و تواناییەکان بڕیار بدەن. دیاری کردن و شیکردنەوە ئەو دەرفەتە بە داڕێژەرانی ستراتیژی دەدا کە بە وردی پێداویستیەکانی گەییشتن بە ئامانج دیاری بکەن. دیاری کردن و ڕوونکردنەوە بە ئەندازەی پلانی تاکتیکی پێویستن و یەکتر تەواو دەکەن.

تاکتیک و شێوازەکانی چالاکی بۆ جێبەجێ کردنی ستراتیژییەکان کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. مەبەست لە تاکتیک بە کار بردنی هێز بۆ گەییشتن بە باشترین دەسکەوت لە کاتێکی کەمدایە. تاکتیک کارێکی دیاری کراوە بۆ گەییشتن بە ئامانجێکی تایبەتی. بۆ بە دەستهێنانی زۆرترین دەسکەوت، تاکتیک و شێوازەکان دەبێ بە وردبینییەکی تایبەتەوە کەڵکیان لێ وەربگیرێ.

ئەو وردە دەسکەوتە تاکتیکیانەی کە نەبنە هۆی گەییشتن بە ئامانجە ستراتیژییەکان، لەوانەیە لە داهاتوودا بە لەکیس دانی هێز و وزەکان لە قەڵەم بدرێن.

کەواتە تاکتیک پێوەندیی بە زنجیرەیەک کاری دیاریکراوەوە هەیە کە لە نێو ستراتیژییەکدا پێکەوە چنراون، ڕێک وەکوو ئەو ستراتیژییانەی کە لەنێو ستراتیژییەکی گەورەدا پێکەوە چنراون. تاکتیکەکان هەمیشە بە خەباتەوە بەستراون لە حاڵێکدا کە ستراتیژییەکان هەندێ شتی گەورەتر لە ۆ دەگرن. تاکتیکێکی تایبەتی تەنیا بەشێک لە ستراتیژییەکی گشتییە کە زنجیرەیەک عەمەلیاتی کردەنیی تێدایە. تاکتیکەکان بە بەراورد لە گەڵ ستراتیژییەکان لە ماوەیەکی کەمی زەمەنیدا کاریان پێ دەکرێ، لە مەودایەکی بچووکتر (لە باری جوغرافی و ڕێکخراوەییەوە) یان بە بەشداریی خەڵکێکی کەمتر و بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراوتر. لە چالاکیی ناتوندوتیژدا، گەورەیی یان بچووکیی ئامانجەکە، تا ڕادەیەک جیاوازیی نێوان ئامانجی تاکتیکی و ئامانجی ستراتیژیک دیاری دەکا.

چالاکییە تاکتیکیە هێرەشبەرانەکان بۆ پشتیوانی لە وەدی هاتنی ئامانجە ستراتیژیکەکان دیاری دەکرێن. چالاکیە تاکتیکییەکان ئامرازێکن بە دەستی ستراتیژیستەکانەوە بۆ خولقاندنی دەرفەتێکی لەبار بۆ هێرشی کۆتایی بۆ سەر لایەنی بەرانبەر. کەواتە زۆر گرینگە ئەو کەسانەی کە بەرپرسایەتیی پلاندانان و بەڕێوە بردنی عەمەلیاتە تاکتیکیەکانیان لەئەستۆیە، لە هەڵسەنگاندنی بارودۆخ و هەڵبژاردنی باشترین شێوازەکان بۆ ئەو بارودۆخە، شارەزایی تەواویان هەبێ. ئەو کەسانەش کە بڕیارە لە کارێکی هاوبەشی تاکتیکیدا بەشدار بن دەبێ بە شێوەی تایبەت پەروەردە کرابێتن.

شێواز ئاماژە بە کەرەستەکان و ڕێگاکانی کار دەکا کە لە تکنیکی خەباتی ناتوندوتیژدا دەیان چالاکیی جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێ کە پێشتر لە بەشی پێنجدا ئاماژەیان پێ‌کرا. وەکوو، مانگرتنەکان، بایکۆتەکان، هاوکاری نەکردنی سیاسی و زۆر شتی دیکەی هاوشێوە.

پەرەپێدانی پلانێکی ستراتیژیکی بڕوا پێکراو و شوێندانەر بۆ خەباتی ناتوندوتیژ، بە داڕشتن و هەڵبژاردنی وردی ستراتیژیی گەورە، ستراتیژییەکان و تاکتیکەکانی و شێوازەکان بەستراوە.

دەرسی سەرەکیی ئەم باسە ئەوەیە کە پلاندانانی وردی ستراتیژیک بۆ وەدەست هێنانی ئازادی لە چنگی دیکتاتۆری، پێویستی بە کەڵک وەرگرتن لە توانایی عەقڵی و تێگەیشتنی کەسەکان هەیە. هەڵە لە پلاندانانی ژیرانە، دەتوانێ ببێتە هۆی کارەسات، لە حاڵێکدا کەڵک وەرگرتن لە تواناییە عەقڵانیەکان دەتوانێ ڕێگایەکی ستراتیژیک دابڕێژێ کە بە کەڵک وەرگرتن لە هێزی دادوەریی سالم، سەرچاوەکانی بەردەست بۆ بردنی کۆمەڵگە بەرەو ئازادی و دێموکراسی بجووڵێنێ.



## سمایل شەرەفی:

# نەبوونی ئالترناتیڤێکی متمانەپێکراو سەرەکیترین خاڵی لاوازیی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێرانە

سمایل شەرەفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان نەبوونی جێگرەوەیەکی متمانەپێکراو بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی لە ئێستادا بە سەرەکیترین کەمایەسیی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران زانی.

لە کۆنفڕانسی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری قەڵادزێی باشووری کوردستان کە دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٤ی ڕەزبەری ١٣٩٩ی هەتاوی بەڕێوە چوو، ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان، سمایل شەرەفی باسێکی سیاسیی پێشکەش کرد و لە پێوەندی لەگەڵ هۆکارەکانی درێژەکێشانی تەمەنی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی لە ئێران قسەی بۆ بەشداران کرد. بەڕێزیان وێڕای ئاماژەدان بە خەباتی پڕ لە فیداکاری و تێچووی گەلانی ئێران دژ بەم ڕێژیمە و پێگەی لاوازی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاستی نێونەتەوەیی و نێوخۆیی و دارمانی سیستەمی ئابووریی ئەم وڵاتە، پەرژایە سەر هۆکارەکانی مانەوەی ڕێژیم.

بەڕێز شەرەفی لەم پێوەندییەدا هاوکات لەگەڵ قسەکردن لەسەر بەشێک لەو کات و دەرفەتانەی کە بوونەتە هۆکاری ئەوەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ماوەی زیاتر لە چوار دەیە خۆی بە سەر وڵاتی ئێران و خەڵکی ئەم وڵاتەدا بسەپێنێ، نایەکگرتوویی بەرەی ئۆپۆزیسیۆن و لە کۆتاییدا نەبوونی ئالترناتیڤێکی جێی هیوا و متمانەپێکراوی لە قۆناغی ئێستادا بە سەرەکیترین خاڵی لاوازی بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران لە قەڵەم دا.

بەڕێزیان لە درێژەدا بە ئاماژە بە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان پێی وابوو بە پێچەوانەی بزووتنەوەی سەرانسەری لە ئێران، لە کوردستاندا خەڵک تا ڕادەیەک باوەڕ و متمانەیان بە حیزبەکانی خۆیان هەیە و، پێویستە حیزبەکانیش لە ئاست چاوەڕوانییەکانی خەڵکی خۆیاندا بتوانن بە گرتنەبەری هەڵوێست و سیاسەتی درووست و کارکردن بۆ یەکگرتوویی زیاتری نێوانیان ئەم هیوا و متمانەیە بپارێزن.

لە بەشێکی دیکەی کۆنفرانسی ئەندامانی حیزب لە شاری قەڵادزێدا هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی نوێ و بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئەندامان بەڕێوەچوو کە ئازادانە و بە شێوەیەکی دێموکراتیک ئەندامانی کۆمیتە لە لایەن ئەندامانەوە دەنگی متمانەیان پێ درا.

## هەگبەی شاخ و شۆڕش






برایم چووکەڵی

حیزبی دیموکراتی کوردستان و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شانازی بەوە دەکەن کە لاپەرەکانی مێژووی خەباتی دەیان ساڵەی شۆڕشگێرانە و بێ‌پسانەوەی، بە خوێنی ڕۆڵە بەئەمەگەکانی نووسراوەتەوە، ڕابردووی خەباتی دووروودرێژ و پڕاوپڕ لە قارەمانەتی و فیداکاریی کادر و پێشمەرگەکانیەتی، و بۆ دابین کردنی ویست و داخوازە ڕەوا و لەمێژینەکانی لە بەرامبەر سیاسەتی سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەچۆک دانەهاتوە و گیانی پاکی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی فیدای سەربەستی و ئامانجی کردوە. یەکێک لەو ڕۆڵە تێکۆشەرانە کە باشترین ساتەکانی تەمەنی خۆی لەپێناو وەدیهێنانی ئامانجی گەلەکەیدا بردە سەر و هەر لەو ڕێگایەشدا گیانی بەخشی شەهید «عەلی پیرۆتی»یە، کە لە «هەگبەی شاخ و شۆڕش» ئەمجارە یادی دەکەینەوە.

شەوی ١٧ی خەکەلێوەی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی ئەفشین بە فەرماندەیی عەلی پیرۆتی بۆ دەست بەسەر داگرتنی مۆڵگەی دوژمن لە چیای» چارشێو بەسەر» بە پێی گەڵاڵەیەکی لەپێشدا داڕێژراو دەست بەکار بوون. لە کاتی دیاریکراو یەکەمین مووشەکی ئارپیجی ڕەوانەی مۆڵگەی دوژمن کرا و پاشان ئاوربارانی گوللە دەستی پێ کرد. زەبری کوڕانی دێموکرات بە ڕادەیەک توند و لەنەکاو بوو کە دوژمنی تاساند و لە ماوەیەکی کورتدا چەند سەنگەریان لە دوژمن گرت.

هێزی دوژمن هەولی دەربازبوونی لە چنگ ڕۆڵەکانی دێموکرات دەدا، بەڵام نەیانتوانی خۆیان دەرباز بکەن و زۆری پێ نەچوو کە مۆڵگەی دوژمن تەفروتونا بوو. بەداخەوە لە گەرمەی شەڕدا سینگی پڕ لە ئاواتی عەلی پیرۆتی بەر گوللەی دوژمن کەوت و بە توندی بریندار بوو. عەلیی قارەمان لەکاتیکدا کە خوێن لە برینەکانی دەچۆڕا بە دەنگیکی جوامێرانە هاواری دەکرد: «بۆ پێشەوە هاوسەنگەرانم، لێیان بدەن، با زەبری کاریگەرتان بچێژن، مەترسن دوژمن زەبوونە و لە ئاخرین پەلەقاژەی خۆی دایە». مخابن گوڕە و دەنگی دوژمن تۆقێنی عەلی بەرەبەرە کز و کزتر بوو سەرئەنجام چاوەکانی لەسەر یەک دانا و، ماڵئاوایی یەکجاری لە هاوسەنگەران و نیشتمانە خۆشەویستەکەی کرد و تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو.

شەهید عەلی پیرۆتی ساڵی ١٣٣٨ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی دەستڕۆیشتووی ئاوایی «گردەقیتی» ناوچەی نەغەدە چاوی بەدنیای ڕوون کردەوە. بەرەبەرە لە باوەشی دایکی خۆشەویستیدا باڵای کرد و لە تەمەنی ٦ ساڵیدا ڕەوانەی قوتابخانە کرا. پاش ماوەیەک ماڵیان بەرەو ورمێ گواستەوە و لەوێش درێژەی بە خوێندن دا و پۆلەکانی سەرەتایی تەواو کرد و چووە قۆناغی ناوەندییەوە. دواتر بەهۆی هێندێک گیروگرفت نەیتوانی زیاتر لەوەندە درێژە بە خوێندن بدا و لە پۆلی ٣ی ناوەندیدا ماڵئاوایی لە قوتابخانە کرد. پاشان بۆ بژێوی بنەماڵە ڕووی لە کار و کاسبی لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان کرد. ئەو کار کردنە لە شارەکانی دیکە وای لێ کرد کە هەست بە فەرق جیاوازییەکی زۆر لە نێوان گەلانی ئێراندا بکا، بۆیە بیری ئازادیخوازی لە مێشک و دڵیدا چەکەرەی کرد و لەمەودوا ئاوێتەی ژان و ئازارەکانی ژیانی پڕ لە مەینەتیی نەتەوەکەی بوو. عەلیی تازەلاو لە ڕێپێوانەکانی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی پاشایەتیدا ڕۆڵی بەرچاوی گێرا و لە ڕوونکردنەوەی لاواندا ئەرکی گرنگی وەئەستۆ گرت.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا و، دەستپێکی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە لێکدانەوە و لێوردبوونەوەی تەواو، ڕێبازی پر لە شانازیی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد و، بە لەبەر کرنی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگە لە ڕیزی تێکۆشەرانی هێزی شەهید ئەفشیندا تێکۆشانی پێشمەرگانەی خۆی دەست پێ کرد.


شەهید عەلی پیرۆتی بە هۆی ئازایەتی و کارلێهاتوویی خۆیەوە، زۆر زوو هەڵی دا و، قۆناغەکانی بەرپرسایەتیی یەک لە دوای یەک بەجێ هێشتن. سەرەتا بە فەرماندەری پەلێک لە پێشمەرگەکان دیاری کرا، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر خۆی بۆ بەرپرسایەتیی قورستر هەڵ دەنا و، زۆری پێ نەچوو کە بەرپرسایەتیی فەرماندەری لکی پێ سپێردرا. بە هۆی سەرکەوتنی لەو ئەرکە قورسەیدا گۆی سەرکەوتنی لە ئاستێکی بەرزدا لە مەیدان بردە دەرێ، و دواتر بە جێگری فەرماندەری هێز دیاری کرا. ئەو لە زۆر شەڕی حەماسیدا بەشداری کرد و، بەهۆی پلان و گەڵاڵە ڕێکوپێکەکانی، زۆر زەبری گورچووبڕ لە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کەوتن. لە زۆر مەئموورییەتی حیزبیدا بەشداریی چالاکانەی کرد و، گەلیک داستانی حەماسی و پڕ لە قارەمانەتیی بۆ مێژووی حیزبەکەمان تۆمار کرد.

چوونی بۆ شیمالی کوردستان بە فەرماندەری دەستەی عەمەلیاتی پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سەرگورد عەبباسی کە بەڕاستی دوژمنی تەزاند، یەکێک لەو مەئمورییەتانە بوو کە حەماسەی تێدا خولقاند و قارەمانەتی تێدا نواند و، بۆ هەمیشە لە زەین و بیری خەڵکی ناوچەکانی ورمێ و خۆی و سەلماسدا بە زیندوویی دەمێنێتەوە. دواتریش بە کرێگیراوانی ڕێژیم لەو ناوچانەدا بە بیستنی ناوی عەلی پیرۆتی مچوڕک بە لەشیاندا دەهات و ئەندامیان وەلەرزە دەکەوت. لە ماوەی ئەو بەرپرسایەتییانەیدا گەلێک دەرسی بەکەڵکی بۆ هاوسەنگەرانی بەجێ هێشت و، زۆر یادگاری بەنرخی لە دەفتەری بیرەوەرییەکانیاندا تۆمار کرد.

بەداخەوە هەروەک ئاماژەی پێ کرا، شەوی ١٧ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە هێرش بۆ سەر پایگای «چارشێوبەسەر» لە گەڵ دوو هاوسەنگەری دیکە بە ناوەکانی «محموود تاڵانی» و «مەحموود مەحموودتاش» گیانی پێشکەش بە ڕێگای ڕزگاری کوردستان کرد.

یادی بەخێر و ڕێگای پر لە شانازیی تا سەرکەوتنی نەتەوە زۆر لێکراوەکەمان بەردەوام بێ.

# کورتە یادێک لە کەسایەتی و سەربازە گومناوەکانی شاری نەغەدە و ناوچەکەی


مەلا محەممەد خزری

لە مەڵبەندی خۆمانم بیستوە: دەیانگوت، "کاتێ تەمەن چووە سەر و پیری خۆی سەپاند، مرۆ لە دەستودوو کەوت، لەبەر بەرۆچکەی بن دیواران، یان بەر سۆبەی و گۆڕکی ماڵان دادەنیشێ؛ دەوری ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ڕابردوو دەکاتەوە"، ئێستێ ئەو نەقڵە، ڕاست لەخۆم ڕووی داوە!...

یاد و سەربردەکانی خۆم نووسیون، تا ڕادەیەک یادی ڕابردووم کردۆتەوە. ئەو بابەتانەی بەلامەوە گرینگییان هەبووە، یان کەسانێک پێوەندییان بە باس و بابەتەکانی ئێمەوە هەبووبێ، کەم یان زۆر، باسم کردوون. جاری وەها بووە، ڕێگام لە مەڵبەندێک، یان ماڵێکی نەناسیاو کەوتوە، ئەگەر ناویشیم لەبیر نەمابێ بە ناوبردنی مەڵبەند و شوێنی نیشتەجێی، وەکوو وەفایەک، باسی پیاوەتی و میوان‌نەوازییەکەیانم کردوە.

کەچی لە باس و بەسەرکردنەوەی شاری نەغەدە و ناوچەکەیدا، کەمتر لەسەر سەربازە ونەکانی ڕیزی خەباتی ڕزگاریخوازانە و کەسایەتییەکان و سیمای واقعیی ئەو شار و ناوچەیە دواوم. وێڕای ئەوە کارەکەی خۆمی نەقوستان کردوە، تاڕادەیەک بێ ئەمەگییشی پێوە دیارە. جا بۆیە بەنیازم لە نووسراوەیەکی جیاوازدا وەک وردە یاداشت، بەداوای لێبووردنەوە، بەسەریان کەمەوە؛ لە سەرەتای بەرگی دووهەمی نووسراوەی "لە قەرەقشلاخەوە بۆ سوئێد" ئاماژەم بەوە کردوە: ساڵی ١٣٤٩ی هەتاوی وەکوو سەرکرێکار، چوومە کوورەخانەی میرزا ڕەحیمی خەڕازی لە شاری نەغەدە...

١) نەغەدە

نەغەدە، شارێکە دانیشتووەکانی لە دوو نەتەوەی کورد و عەجەم، پێکهاتوون. تێکەڵاوێکە لە دوو زمان و مەسەبی جیاوازی سوننی و شیعە. وێڕای جیاوازیی کولتوور و داب‌ونەریت، تەبا و ڕەبایی و پێکەوەحاوانەی دانیشتووانی ئەوشارە، زەق و بەرچاو بوو. زۆر دراوسێ و هاوگەڕەکی ئازەری زمانم هەبوون کە، ئەخلاق و دراوسێیەتییان ناخۆش نەبوو.

دەگوترا: زۆر ساڵوعەیام بوو کورد و عەجەم لەو شارەدا، وەکوو دوو دراوسێ، بە ئاشتی و سەفا پێکەوە، ژیانیان بەسەر بردوە. ژن و ژن‌خوازی و خزمایەتی لەنێویاندا، ئاسایی بوو. زۆرکەس لە کوردەکان، ژنی تورک زمانیان هێنابوون، هەروەها تورکەکانیش ژنی کوردزمانیان خواستبوون. گەلێکیان خاڵ و خوارزا لێ پاشەکەوت ببوون. لە بۆنەکانی شایی و شیندا، هاوبەش و هاوخەمی یەکتر بوون.

بەهەرحاڵ، وەکوو دەڵێن: هەموو کۆمەڵگەیەک بەشی خۆی موشکیلە هەیە. بەڵام وێڕای جیاوازیی زمان و داب‌ونەریت، کورد و عەجەمی نەغەدە، ناتەبا نەبوون و جیرانەتی و خزمایەتییان ناخۆش نەبوو. ژیان لەو شارەدا ڕەواڵی ئاسایی خۆی دەپێوا، کورد و عەجەمی ئەو شارە خۆشی و ناخۆشییەکانیان پێکەوە وەپشت سەر دەدان. ئەو ڕەوتە هەتا ڕووخانی حکوومەتی شا، درێژەی هەبوو. ئیدی بە ڕووخانی دیکتاتۆریی حەمەڕەزاشا، خەڵکی شار، بەتێکڕایی ڕژانە شەقام و کۆڵانان کردیان بە شادی و شایی. بە دڵێکی پڕ لە هیوا خەونی خۆشیان بە ئازادی و خێروبێری دواڕۆژی شۆڕشەوە دەدی و...

حکوومەتێکی نوێ، بەناوی حکوومەتی ئیسلامی بە ڕێبەرایەتیی "ئیمام خومەینی" جێگای نیزامی پاشایەتیی گرتەوە! خەڵکی ئەو شارەش وەکوو گشت خەڵکی ئێران، هێشتا سەرخۆشیی سەرکەوتنی شۆڕش، بەری نەدابوون و وەخۆ نەهاتبوونەوە. بێ ئاگا لە هەموو فێڵ و فریوێک، وەکوو مەنجەڵی سەر ئاور قوڵتیان دەدا. لەوکاتەدا بوو: ئاخوندە کۆنەپەرستەکان، پەرەیان دەستاند و جومگەکانی دەسەڵاتی وڵاتیان دەگرتە دەست. لاتولووت و تاوانبارانی سەردەمی ڕێژیمی پەهلەوییان، لە دەوری خۆیان کۆ کردنەوە، کەوتنە پیلانگێڕان. وەکوو دەگوترا: پێشتر ئاخوند حەسەنی ئیمام (جومعەی ورمێ)، کە بەهۆی بەکرێگیراوانی، پیلانی ئاژاوەی بۆ شاری نەغەدە داڕشتبوو؛ مێتینگی حیزبی دێموکراتیان قۆستەوە. لەلایەن بەکرێگیراوانی کۆنەپەرست، ئەو مێتینگە درایە بەر دەسرێژ و گەلێک کەسی کوردی دڵ پڕ لە ئاواتیان لە مەیدانی میتینگەکەدا، خەڵتانی خوێن کرد.

خەونی خۆشی خەڵکی ئەو شارەیان کرد بە مۆتە. شەڕی نێوان کورد و عەجەمیان لە نەغەدە هەڵایساند. لەو شەڕە نگریس و ماڵوێرانکەرەدا، دەیان بنەماڵە، لە کورد و عەجەم، داغدار بوون و شیرازەی ژیانیان پسا. تا ئێستاش برین و ئاسەواری ئەو شەڕە تووکلێکراوە، قەتماغەی نەبەستوە و ئێشەکەی لەسەر ڕوح و ڕەوانی ئەو خەڵکە فێڵ‌لێکراوە هێدی نەبووە.

ئێمە لە بەرگی دووهەمی "لە قەرەشلاخەوە بۆ سوئێد" لە لاپەڕەی ٧٦دا لەسەر ئەو شەڕە، دیتن و تاقی کردنەوەی خۆمان هێناوەتە سەر قاقەز. لێرەدا لەوە زیاتر لەسەری نادوێم. لێکدانەوە و داوەری لەسەر ئەو ڕووداوە پڕ لەژانە، بۆ کەسانی پسپۆڕ و ئاگاداری خاوەن‌نەزەر و ویژدان بەجێ دێڵم.

٢) دەگەڕێمەوە سەر خەباتگێڕ و کەسایەتی و کوردە نیشتمان‌پەروەرەکانی ئەو شارە. پێش چوونم بۆ نەغەدە، تەنیا دەگەڵ کاک ڕەحمان عەزیزی، وەکوو ئەندامێکی چالاکی حیزبی دێموکراتی ئەو سەردەم، ئاشنایەتیم هەبوو. پێشتر خۆم شارەزایی تەواوم لەسەر کەسایەتییەکانی ئەو شارە نەبوو. بە مانەوەم لە نەغەدە، بۆم دەرکەوت کەسایەتیی ناسراوی خاوەن ڕابردوو، لەو شارە کەم نەبوون. لێرەدا تەنیا ناوی کوچکردووەکان دێنین. دەتوانین ئاماژە بە کەسانی وەکوو ڕەوانشادان: کاک مەلا سادقی‌کاوە، کاک ئەحمەدی ئاهنگەری، مەلاسەید ئەحمەد سەعدەیی، میرزا عەوڵای پاکسروشت و... بکەین. ئەو کەسایەتییانەی لە سەرەوە ناوم بردوون هەرکام لەوان بە نۆرەی خۆیان، وەکوو خەباتگێڕێکی خەباتی ڕزگاریخوازی ڕیزەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان، چەند ساڵ تەمەنی لاوەتیی خۆیان، لە زیندانەکانی حەمەڕەزاشا، یان لە دەربەدەریدا بەڕێ کردبوو. کەسایەتییەکی تر لە خەباتگێڕانی دێرین و سەربازە گومناوەکانی ناوچەی سندووس و نەغەدە، کاک حەمەدی خانمێ بوو. ناوبراو لە سەردەمی کۆمارەوە تا نیزیک لە ڕووخانی حکوومەتی شا، وەکوو خەباتگێڕێک و ئەندامێکی بەئەمەگی حیزبی دێموکراتی کوردستان، وەفادار مایەوە.



لەسەرەوە ناوی کاک ڕەحمان عەزیزیم هێناوە: ناوبراو، لە ئەندامە چالاک و نهێنی‌کارەکانی ئەو سەردەمە بوو. ئاشنایەتیی من دەگەڵ کاک ڕەحمان، دەگەڕایەوە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی. بۆ یەکەم‌جار، لەو دیوی سنوور، چاوم پێی کەوت کە، بۆ بەجێ‌گەیاندنی ئەرکی حیزب هاتبوو. هاوکار و هاوڕێی شادڕەوان کاک سەعید کوێستانی بوو. ئیدی بەدوای یەکەم جاریدا چەندین جاری دیکە بەنهێنی هاتەوە ئەودیو. ئیدی لەوێڕا بوو دەگەڵی بووم بە ئاشنا و هاوڕێ. ناوبراو، وەکوو زۆربەی هاوڕێکانی ئەو سەردەمەی حیزب، بەداخەوە نەخوێندەوار بوو. بەڵام لە وریایی و خۆپارێزی و نهێنکاریدا، کەسێکی بەئەزموون بوو. لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا وێڕای بەجێ‌گەیاندنی ئەرکەکانی نهێنییەکانی حیزبی بەباشی پاراستن.

هەمووی ئەو کەسایەتییانەی لە نەغەدە و ناوچەکە ناوم هێناون، هەرکام لەوان سەربازێکی گومناوی سەردەمی خۆیان بوون. بە سەری بەرزەوە تەمەنیان بەڕێ کرد و بە دڵێکی پڕ لە ئاواتی ئازادیی کوردستانەوە، ماڵئاواییان لە ژیان و نیشتیمان کرد. یادیان بەخێر و ڕوحیان شاد بێ.

نەغەدە زۆر کەسایەتیی چالاکی دیکەی هەن کە ئێستێ لە ژیاندا ماون. بەداخەوە تۆزی پیرییان لەسەر نیشتوە، بەڵام هێشتا هەر خاوەن ئیرادەن و ئاواتەکانیان لەسەر جێگای خۆیانن. بەهۆی باری ئەمنی و لەترسی شڵتاغی کۆنەپەرستان، خۆم لە ناوهێنانیان دەبوێرم. کوردەکانی دانیشتووی شاری نەغەدە، بەشی هەرە زۆریان خاوەنی کەسایەتیی بەهێز و پێز بوون. بە بۆچوونی خۆم، بۆ ئەوە دەبوون دەرسی نیشتیمانپەروەرییان لێ‌فێر بم، لێرەوە داوای ساخی و دوورەبەڵایی و سەربەرزییان بۆ دەکەم.

٣) لێرەدا جێگای خۆیەتی یادی دوو دۆستی بەوەفای کوردان، دوو ئازادیخوازی ئازەری زمانی ناوچەی سندووس، بە ناوەکانی، سەرمەستی باقری، لە دێی گۆڕناوێ، و حەسەنقوڵی قارەمانی، لە دێی عەجەملیان، بکەینەوە:

زۆر لەمێژ نەبوو هاتبووم بۆ نەغەدە، زۆرم هاتوچۆی دوکانەکەی ڕەوانشاد، کاک ڕەسووڵ عەبدوڵلازادە، یان ڕەسووی حاجی مامەی، دەکرد. ڕۆژێک لە دوکانەکەی کاک ڕەسوو بووم، کاک ڕەحمانی عەزیزی، دەگەڵ برادەرێکی ئازەری زمان هاتن بۆ دوکانەکەی کاک ڕەسووی. ئەمن برادەرە ئازەرییەکەم نەدەناسی. کاک ڕەحمان، ڕووی کردە من، گوتی: چما ئەتۆ سەرمەستی ناناسی؟ ناوی سەرمەستم پێشتر لە کاک سەعید بیستبوو، بەڵام لەنزیکەوە، دەگەڵی ئاشنا نەببووم. ئیدی ڕەوانشاد ڕەسووی حاجی مامەی، کردی بە جەفەنگ، گوتی: چۆن سەرمەستی خودانەناسی هەڵگەڕاوە لە دین ناناسی؟...

ئیدی ئەوە سەرەتای ئاشنایەتیی من دەگەڵ سەرمەست بوو ، دواتر بەهۆی کاک ڕەحمان و کاک سەعید کوێستانی، و کاک ڕەسووڵی حاجی مامەی، دەگەڵی بووم بە دۆست و ئاشنا. سەرمەست یەکێک لەو دۆستە عەجەمانە بوو. کاک سەعید کوێستانی دەیگوت: کاتێ، بۆکاری سیاسی دەگەڕامەوە چاوم بە سەرمەست دەکەوت. کاک ڕەحمانی هەمزەی دەیبردم بۆ لای سەرمەست. کاک سەعید، زۆر داستانی وەفادارییی دۆستە عەجەمەکانی نەغەدەی بۆ گێڕاومەوە، غایەتێکی ئەمن ناوی هەموویانم لەبیر نەماوە...

دواتر دەگەڵ عەجەمێکی سوورکارەی چاوشین، ئاشنا بووم، بەناوی حەسەنقوڵی قارەمانی. کاک مەلاسادق و مامۆستا سەید ئەحمەد، ناوبراویان پێ ناساندم. مەشەدی حەسەنقوڵی قارەمانی، دانیشتووی دێی عەجەملیان بوو. لە دۆستایەتیدا، فیداکار بوو. دوای ئەو دەگەڵ حەسەنقوڵی بووین بە دۆست و ئاشنا، وا هەڵکەوت کۆنە باغێکمان لە ئاغاکەی دێی عەجملیان کڕی گڵەکەی بێنین بۆ کوورەخانە. زۆرم هاتوچۆی دێی عەجملیان دەکرد، دەچوومە ماڵەکەی حەسەنقوڵی. ناوبراو لە خەباتگێڕە ئازادیخوازەکانی سەردەمی حکوومەتی دوکتور موسەدیق، هاوڕێی شادڕەوان کاک کەریم حیسامی بوو. دوای شەڕی نەغەدەش، حەسەنقوڵی و سەرمەست پێوەندی و دۆستایەتیی خۆیان دەگەڵ کوردان بەگشتی و برادەرانی ئێمە، بەتایبەتی پاراست و نەپساند. حەسەنقوڵی دەگەڵ شەهید محەممەد نادر و شێخ موحەممەدی بڵباسی یادیان بەخێر، لەپێوەندیدا بوو. ئەو دوو کەسانە، سەرمەست و مەشەدی حەسەنقوڵی، دۆستی بەمانای وشە بوون. ڕوحیان هەرشاد بێ...

ویستم بەو چەنددێڕە؛ یادێک لە کەسایەتییەکانی شاری نەغەدە و ناوچەکەی بکەمەوە.




## لە ڕێنێسانس هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم


شاڕۆخ حەسەن‌زادە

### ڕێنسانس هەتا شۆڕشی مەزنی فەرانسە

ڕێنسانس یان لەدایکبوونەوە، شنەی فێنکی نوێ‌بوونەوەی ژینی زانست و وێژەی بەدوای خۆیدا هێنا. بزووتنەوەی زانستی و سەرهەڵدان و درەوشانەوەی ئەستێرەکانی پێشەنگی، قوەچی قوربانی وەک «گالیلە»، «دێکارت» و «کۆپێرنیک» لە تەنیشت شۆڕشی ئایینی «مارتین لۆتێر» و «کالۆین»، ئوروپای لە خەوی هەزار ساڵە هەڵساند و ڕایچڵەکاند. هەوڵ و تێکۆشینی قەشە جیابیرەکان لە پەنا بیرمەندانی وەک دێکارت، کلیسە و کتێبی پیرۆزی تەوراتی لە بنەما و تەوەربوون خست و بەرەو ئاوەزی ئینسانی و ڕەسانەیەتیی هان دا. ئەمە بەشێکی بۆ هێز گرتنی موسلمانان و دەست‌بەسەر داگرتنی باشووری ئورووپا و دواتر داگیرکاری یونان لەلایەن عوسمانلییەکان و پەراکەندە بوونیان و بڵاو بوونەوەی زاسنتی ئەوان بۆ هەموو ئورووپا بوو.

ئاکامەکەی، فێربوون و چاوکراوەبوونی بەربڵاو لە ئورووپا بوو کە مرۆڤ لە بان و مرۆڤ تەوەری وەک بنەمای سیستەمی کۆمەڵایەتی و پێکهاتەی سیاسی ئورووپای ئەو سەردەمی لێ هات. لەو چاخدا تێکۆشین و خەباتی بەردەوامی ئازادیخوازان لەبەرامبەر زاڵمان بووە هۆی هێنانە ئارای سکاڵای حقوقی و نووسینەوەی ڕاگەیاندن‌نامەی ساڵی ١٦٢٨ کە لە ڕاگەیاندنی حقوقی دواتر کە لە ساڵی ١٦٨٨ لە ئینگلستان کاری پێ کرا، ڕەنگی دایەوە. بیرمەند و فەیلەسووفێکی زۆر لەو چاخەدا سەریان هەڵدا و هەرکام لە هزری فەلسەفی خۆیان‌دا بە جۆرێک ئاماژەیان بەم پرسە کردوە.

«سەنت ئاگوستین» لە ژێر کاریگەریی کلیسا، مرۆڤ بە ئازاد دەزانێ بەڵام هۆکاری دیل بوونیشی بە تاوانبار بوونی خۆی دەشوبهێنێ. «سێن توماداکێن» مرۆڤ وەک سڤیل تەبع پێناسە دەکا و ئازادی لە بنەمای سەرەکیی وجودی مرۆڤ دەزانێ. لە کۆتاییەکانی ئەو سەردەمە بڵاوبوونەوەی دووهەمین ڕاگەیاندن‌نامەی مافی مرۆڤی ناسراو بە «داخۆیانی ئازادی» ئەمریکا لە ساڵی ١٧٧٦ جێگای سەرنجە کە لەوێدا ئاماژەی بە مافی بێ ئەملاوئەولای بنیام وەک، ژیانێکی ئازادانە و بەختەوەری دەکات. ڕاگەیەنراوی حقووقیی ١٦٨٩ی بریتانیا، یاسای پلیمۆتی ئەمریکا لە ساڵەکانی ١٦٣٦ و جاڕنامەی ئازادی لە دێسامبری ١٦٤٢ ئاماژەیەکە لە گۆڕانی خێرای ساڵەکانی کۆتایی ئەم سەردەمە و گۆڕانکاری لە تێگەیشتن و پێناسەی چەمکی مافەکانی مرۆڤ.

لەم سەردەمەدا کە شۆڕشی مەزنی فەرانسە لە ١٧٨٩ کۆتایی پێدێ، هۆکارگەلی زۆر وەک شۆڕشەیلی زانستی و کولتووری، ئاشنایەتی بەربڵاو دەگەڵ دەوروپشتی خۆیان، ناسینی ئۆلە جیاوازەکان و چەمکی ماف لە دەقە پیرۆزەکاندا، بۆ گووران و شەقڵ گرتنی کانسێپتی مافەیلی بنیام کاریگەرییان هەبووە.

### شۆڕشی مەزنی فەرانسە هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم

یەکێک لە کاریگەرترین و زێڕینترین سەردەمەکان بۆ ڕۆنانی مافەکانی مرۆڤ، ئەو چاخەیە کە لەخۆیدا بوویەری گرنگ و پڕبایەخی وەک شۆڕشەکانی فەرانسە، ئەمریکا و بەریتانیای تێدا ڕووی داوە و لەلایەکی دیکەوە، وەک بەرژەنگ و بەرایی جیلی یەکەمی مافی مرۆڤ دەژمێردرێ.

ئەم سەردەمە کە بەشێکی زۆری لە چاخی ڕەوشەنگەری‌دا هەڵکەوتوە، ڕووناکبیرانی سیاسی وەک «مۆنتێسکیۆ»، «بکاریا» و «ڤۆلتێر» باس و چالاکییەکانیان زۆرتر لەسەر بڵاوکردنەوەی ئازادی و بەرابەری هەڵچندرابوو. لەم سەردەمەدا هێورهێور ئازادی وەک مافی هەموو مرۆڤەکان دێتە بەرباس و مافەکانی مرۆڤ لە ئۆل و ئایینە جۆربەجۆرەکان، جیا دەکرێتەوە. لەم دەورانەدایە کە مرۆڤ لەبەر ئینسان بوونی دەبێتە خاوەن مافی خۆی و بۆ یەکەم ڕا مافی سڤیل بە شێوەیەکی تەواو دەدرێتە شارۆمەندان، سەرچڵەپۆپەی ئەم ڕووداوانەش لە ڕاگەیاندنەکانی حقووقیی ئورووپا و ئەمریکا بەرچاو دەکەوێ. بێگومان شۆڕشی گەورەی فەرانسە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی مافەکانی مرۆڤ بووە کە لە ئاکامدا گەیشتە ئەو جێگایەی کە ڕاگەیاندن‌نامەی ناسراو لە ژێر ناوی «مافەکانی مرۆڤ و شارۆمەندانی فەرانسە»ی لێ‌کەوتەوە. ئەم ڕاگەیاندنە بۆ یەکەم جار چەمکی مافەیلی مرۆڤی هێنایە نێو باسەکانی حقووقی و بۆ خەڵک ماف و بۆ حکوومەتەکانیش ئەرکی دیاری کرد، ئەو کارەی کە لە ئاکامدا بووە هۆی گەشەی چۆنیەتی بیرکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵک و گۆڕانکارییەکانی مەزن و قووڵی کۆمەڵایەتی.

ئەم ڕاگەیاندنە لە ٢٦ی ئوتی ١٧٨٩ لەلایەن پارلمانی نەتەوەیی فەرانسە پەسند کرا، بە ئاشکرا باس لەوە دەکا کە، مرۆڤەکان ئازاد لە دایک دەبن، مافی ئازادی، مافی خاوەنداریەتی، مافی بەرگری لە هەمبەر زوڵم، مافی ئازادیی بەیان، ئازادی هەڵبژاردنی ئۆل، مافی چاپەمەنی و هەروەها مافی هەبوونی کەرامەتی ئینسانی-یان هەیە، ڕاگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ و شارۆمەندانی فەرانسە لە گشتگیرترین و پێشکەوتووترینی ئەو بەڵگانەن کە لەم بەستێنەدا نووسراوبێتەوە و کاریگەرییەکی زۆری لەسەر وڵاتان هەبووە، بەجۆرێک کە زۆرێک لە وڵاتان لە نووسینەوەی یاساکانی خۆیان کەلکیان لەو ڕاگەیاندنە وەرگرتوە. لەم سەردەمەدا و لە بەرەکەتی گەشەی بیر و شۆڕشەکانی سیاسی سەدەی هەژدەهەم کە پەیامهێنەری ئازادی بەرابەری و برایەتی بوو، ڕەوتی بەنێودەوڵەتی بوونی مافەکانی مرۆڤ لە چوارچێوەی گرێبەستەکان لە سەدەی نۆزدەیەم دەستی پێ کرد، یەکەم ئاکامی ئەو بزووتنەوانە، هەڵوەشاندنەوەی بەرەبەرەی کۆیلایەتی بوو.

یەکەم هەوڵەکان لەم بوارەدا بە کردنەوەی کۆمیتەی هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لە ساڵی ١٧٨٧ لە ئینگلیس دەستی پێ کرد، ڕاگەیاندنی قەدەغەی بازرگانی کۆیلە لە هەموو جیهان لەلایەن بریتانیاوە لە ساڵی ١٨٠٧ و هەروەها بەڕێوەبردنی یاسای یاساغی بازرگانی کۆیلە لە سەرجەم مەملەکەتی داگیرکراو و ژێردەستەی بریتانیای مەزن لە ساڵی ١٨٨٣ لە ئاکامە ئەرێنییەکانی ئەو ڕاگەیاندنە بوو، بەدوای ئەمە بوو کە کۆنگرەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لە ١٨٦٥ بە پەسند کردنی یاسایەک کۆتایی بە کۆیلە و کۆیلەداری هێنا.

KURDI STAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:784 21 October 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
info@kurdistanukurd.com
+9647501771202
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
Tashkilat.kdp92@gmail.com
+9647508483312

# کۆچی دوایی دوو شاعیر و نووسەری کورد



لە ماوەی دوو حەوتووی ڕابردوودا دوو نووسەر و شاعیری بەتوانای کورد بۆ یەکجاری بەجێیان هێشتین.

ڕۆژی هەینی ١٨ی ڕەزبەر خاتوو مەهاباد قەرەداغی، نووسەر، شاعیر و چالاکی مافی ژنان لە بەهۆی نەخۆشیی کۆرۆنا لە تەمەنی ٥٤ ساڵیدا لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

خاتوو مەهاباد قەرەداغی، سەرنووسەری گۆڤاری «شکار» کە تایبەت بە پرس و مافەکانی ژنانە، خاوەنی کۆمەڵێک کتێبی چاپکراو لە بوارەکانی شێعر، ڕۆمان، توێژینەوە، ڕەخنەی ئەدەبی و وەرگێڕانە.

هێشتا کۆمەڵگەی ئەدەبیی کوردستان لە تاسانی کۆچی دوایی خاتوو مەهاباد دەر نەهاتبوو کە بۆ سبەینێکەی هەواڵی کۆچی دوایی مامۆستا عەلی عەبدوڵڵا شەونم، شاعیر و نووسەری بەناوبانگی کورد لە شاری سلێمانی بڵاو بۆوە.

مامۆستا شەونم یەکێک بوو لە مامۆستا بەتواناکانی بواری پەروەردە و فێرکردن، جگە لەوەش، دەنگخۆش، ئاوازدانەر، شێوەکار، خۆشنووس و مێژوونووس بوو.

یەکێک لە هۆنراوە نیشتمانییەکانی مامۆستا شەونم، سروودی «جەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە ... بە تیشکی ئاگر دەنووسم جەژنە پیرۆزە»یە، کە ئاوازەکەشی هەر داندراوی خۆیەتی.

مامۆستا شەونم یەکێک بوو لە دامەزرێنەرانی «یەکیەتیی نوسەرانی کورد»، لقی بەغدا و ساڵانێک لێپرسراوی چالاکیی قوتابخانەکانی سلێمانی بووە و یەکەم خەڵاتی شێعری بنکەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی سلێمانی پێ بەخشراوە.

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزب لە کۆڕیادی "مەلای گەورە"ی کۆیەدا



ڕۆژی شەممە، ١٩ی ڕەزبەر هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەشداریی لە کۆڕیادی ٧٧ ساڵەی کۆچی دوایی "مەلای گەورە"ی شاری کۆیەدا کرد، کە لە مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان‌دا بەڕێوە چوو.

ئەم کۆڕیادەدا بە وتاری ئەبوزەید، بەرپرسی مەڵبەندی ١٤ی ڕێکخستنی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان دەستی پێ کرد، دواتر وتاری د. بەرهەم ساڵح، سەرۆککۆماری عێراق بەو بۆنەیە لەلایەن پرۆفیسۆر د. جەواد پێشکێش کرا. لەم کۆڕیادەدا زیندن مەولوود، بریکاری وەزارەتی ئەقاف و کاروباری ئایینی، د.حەیدەر لەشکەری مامۆستای زانکۆی کۆیە و پرۆفیسۆر هۆشیار زەکی لەسەر کەسایەتیی ئایینی، زانستی و ڕووناکبیریی مەلای گەورە قسەیان کرد.

لە بەشێک لە پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەو کۆڕیادەدا کە پێشکێش بە لیژنەی بەڕێوەبەری کرا هاتوە:

مێژووی کۆیە، بەختیار و سەربەرزە بە بوونی چەندین کەسایەتیی ڕووناکبیر و شوێندانەر کە ناوبانگی زانایی و بلیمەتییان، هەروەها شوێنەوار و کاریگەریی جیهانبینی و نووسین و بەرهەمەکانیان، سنووری کۆیە و تەنانەت ئەم بەشەی کوردستانیان بڕیوە و، بۆ هەر تاکێکی وشیار و پێزانی کورد لە هەر بەشێکی کوردستان، جێگای ڕێزن. دۆست و دڵسۆز و خۆشەویستی حیزبی دیموکراتی کوردستان، زیندەیاد مەسعوود محەممەد، کوڕی مەلای گەورە، یەکێکی دیکە لە بلیمەتەکانی ئەم شارە بوو.

حیزبی دیموکراتی کوردستان بە ڕێزەوە یادی ئەو کەسایەتییە گەورانە، بە تایبەتی مەلای گەورەی کۆیە دەکاتەوە و سەری ڕێز لە ئاستیان دادەنوێنێ. شانازییش بە پشتیوانی و هاوپێوەندیی لەمێژینەی خەڵکی کۆیە لە گەڵ خۆمان دەکەین.

مەلا محەممەد کوڕی حاجی مەلا عەوڵای جەلی‌زادە ناسراو بە "مەلای گەورە" ساڵی ١٢٥٥ی هەتاوی لە شاری کۆیە لەدایک بووە. مەلا محەممەد کە بە پێشەنگی ڕەوتی ڕووناکبیریی لەنێو مەلایانی کوردەواری دادەنرێ و کۆمەڵێک بەرهەم یەک لەوان تەفسیری قورئانی لەپاش بەجێ ماوە، ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی کۆچی دوایی کردوە.

# ٩ هەزار قوتابیی کرماشانی تەبلێتیان نییە



لە کاتێکدا بەهۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا خوێندنی قوتابخانەکان بە ئانلاین ریک خراوە، ٩ هەزار قوتابی لە کرماشان تەبلێتیان نییە کە ئەمە دەبێتە هۆی دابڕان و بەجێمانیان لە خوێندن.

هووشەنگ بازوەند، پارێزگاری کرماشان بۆ چارەسەریی ئەم کێشەیە دەڵێ دەوڵەت هیچ بودجەیەکی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان نەکردوە، مەگەر ئەوەی خێرخوازان هەوڵ بدەن بۆ کڕینی ئەو ٩ هەزار تەبلێتە بۆ قوتابییە هەژارەکان.

هاوکات جەلیل نووری، جێگری فەرهەنگیی کۆمیتەی ئیمدادی پارێزگای ورمێ ئاشکرای کردوە کە زیاتر لە ١٦ هەزار قوتابیی هەژار لەو پارێزگایە هەن کە بۆ خوێندنی ئانلاین پێویستییان بە تابلێت هەیە.

ئەم کێشەیە منداڵانی بنەماڵە هەژارەکان لە پارێزگای سنە و ئیلام و ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش دەگرێتەوە، ئەوەی جێی سەرنج و گرینگە ئەوەیە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە حاڵێکدا مەستی ئەوەن کە سزاکانی سەر کڕین و فرۆشتنی چەکوچۆڵیان لەسەر هەڵگیراوە، بەڵام هیچ بایەخێک بەو کەمایسییە گەورەیە نادەن و چاویان لە دەستی خێرخوازانە.

## بەر لە ماڵاوایی

# نامە و وەڵامێکی ئەدەبی

## بووکی سڵاو

## (نامەیەک بۆ مامۆستا ڕەشید فەیزی نەژاد)

**مامۆستا گیان!**

چەند گەڵای ئەرخەوانیی بەڵاڵووکەکانی «میراوا» و پەلکی گوڵاڵە زەرد و سوورەکانی دەڤەری «فەیزوڵڵابەگی» و چەپکێ گوڵە وەنەشەی بەر کانیاوەکەی «سلێمانکەندی» و بەیبوونی چاوئەستێرەیی دێبەرە سەرسەوزەکەی «مۆکە» و خاشخاشکە گەش و تەرچک و ناسکەکانی «قۆڵەبڵاخی» و مێلاقە کوڵمە سوورەکانی «ئارەبوغڵوو» لە کانییە چاوقژاڵییەکەی «سەرچاوە» هەڵدەکێشم و بە لقێ گیاخاوی چیای «وەنەشە» دەیبەستم و دەینێمە باخەڵی سڵاوێکی سروەئاسا و داوای لێ دەکەم بەرەو دەڤەر و دیاری غەریبان و دڵە پڕکوڵەکانی تاراوگە بیهێنێ و لە شنەی هەناسە و ناڵەی کەمانەکەت و خەرمانی پڕ گوڵ و هەستی هەمیشە سەوزی تۆی ئازیزی بپڕژێنێ.

بەو سڵاوە چاوفرمێسکاوییەم دەڵێم چاوی بە پەلکە گوڵی دەنگت بسڕێ و زەدەخەنەیەکی شیرین بە لێویەوە بنەخشێنێ و ببێتە بووکێکی ڕەزا شیرین، ببێتە شیرین گیانی ساڵانی گەنجیت، ئاڵای کوردستان بکاتە بەرگی بووکێنی و دەستت بگرێ و بۆ «کەرکووک»ت بهێنێتەوە. لەوێش بە باڵی ئاگرینی «بابەگوڕگوڕ» بدەن لە شەقەی شاباڵ و بگەڕێنەوە بۆ باوەشە وەنەوشەییەکەی «وەنەوشە». ئەویش تێرتێر بە سینگی ئاشق و تامەزرۆی خۆیەوە بتانگوشێ و بە خشڵ و ئاڵتوونەکانی «زێویە» زێڕوەشانتان بکات و بتانخاتە سەر شاباڵی هەڵۆیەکی خۆی و لەگەڵ نەرمەسەمایەکی ئێوارانە بتانهێنێ و لە سەر چیمەنی سەوز و گەشاوە و شێداری مەیدانە چاوەڕوانەکەی «هەڵۆ» داتانبنێ. کیژان و کوڕانی سەقز لە شاییتاندا هەڵپەڕن و «برایانی زێزێ» ئەو داوەتە پڕ ئەوینە بگێڕن و دەنگی قاقا و گۆرانی و چەپڵە و مۆسیقا ژیان و ئاوات و جوانی وەبیر خەڵکی دڵمردوو بهێننەوە.

شار و خەڵک و شەقام و کۆڵان دیسان ئاشق ببنەوە و لاوان و کیژان شان و پەنجە لە یەکتر هەڵپێکنەوە و بە ئەشقەوە بەرەو ژوان بچنەوە.

مامۆستا گیان هیوادارم لە ژیانتدا هەمیشە هەروا سەربەرز و سەرکەوتوو بیت و خۆشەویستی خەڵک و وڵاتەکەمان بی. زۆر خۆشحاڵم کە دەتوانم لەگەڵ هونەرمەندێکی گەورە و خۆشەویستی وەک جەنابت پێوەندیم هەبێ چونکە من فرچک گرتووی هونەرە جوانەکەتم و هەمیشە لە دڵمدا ژیاوی.

بچووکت: ئەمین گەردیگلانی



**وەڵامی مامۆستا ڕەشید فەیزی نەژاد**

هۆنەری هۆنەر پێگەیێنی هۆنراوە جوان، هونەرمەندی هونەر پەروەر و هونەر پەرەپێدەری دەست و قەڵەم ڕەنگینی زێد و نیشتمانەکەم، شاعیری سەراپا شعووری تێکست و شێعری جوان، ئەدیبی خاوەن ئەدەب و حوجب و حەیا کە وتار و کردەوە و بیرکردنەوەت هەموو پڕ لە هەستی خۆشەویستی دایکی نیشتمان و گەل و سروشتی نیشتمانن.

هەزاران درود و ڕێز و خۆشەویسی بۆ جەنابت و بۆ هەموو ئاسارە پڕ بەهاکانت جەنابی مامۆستا ئەمین گەردیگلانیی ئازیز! ئای کە چەندە پێی شادمان بووم و چەندە شانازی ئەکەم بە خۆمەوە کەوا ئەمڕۆ لە گەورەترین مامۆستای بواری شێعر و شعوور و زانین و زانستەوە ئەم پەیامەم بۆ هات.

بەڕاستی کەیف خۆشم، بەڕاستی سەرخۆشم، بەهیوای بەردەوامی پەیوەندییەکان! هەر شاد و دڵخۆش بیت. قوربانت و برای بچووکت: ڕەشید فەیزی نەژاد، لە تەبعید و لە تاراوگەوە.